


**هۆنراوە**

مامۆستا ح.س.سۆران
2709 ی کوردی ( 2009) ی زاینی .





**به ناوی کوردستانی گەورە**

ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com



## ناسنامەی کتێب :

ناو : شەماڵی وادە
هۆنەر : ح.س.سۆران
چەشنی کتێب : ئێلێکتڕۆنیکی
تیڕاژ : 2000
زمان :کوردی
ساڵی بڵاو بوونەوە : 2709 ی کوردی ( 2009) زاینی



# خۆشەویستی نیشتمان ، ئەرکی گرنگی سەرشانی هەرمرۆڤێکە

ح.س.سۆران



# بایەخی زانست

وتەیەکی زۆر گرنگ لە فەرهەنگی زمانگەلی کوردی ، فارسی ، ئینگلیسی ، ئەلمانی ، فەڕانسە و ... دا هەیە ، کە بایەخی تایبەت دەدا بە زانست و فیربوون و زانین . بە هیوام ئەم وتەیە ، کە بەم چەشنەی خوارەوەیە ، بکەین بە دروشمی ژیانی واتایی خۆمان :

کوردی : زانین توانینە.
فارسی : توانا بود ، هر کە دانا بود .
ئینگلیسی : Knowledge is Power
ئەلمانی : Wissenschaft ist Kraft
فەڕانسە : Savoir est Pouvoir



# پێشەکی :

دیسان خۆم بە بەختەوەر دەزانم ، کە خونکاری تەمەن دەرفەتی ئەوەی پێ دام ، پەڕتووکێکی دیکە بە گەنجینەی فەرهەنگی کورد پێشکەش بکەم . هەروەک رەنگە هێندێک لە خۆشەویستان ئاگاداربن، بێجگە لە کتێبگەلی کوردی ، فارسی ، ئینگلیسی و ئەلمانی دیکە ( لە بەستێنگەلی جۆربەجۆردا ) ، کە لە نیو سەدەی پێشو دا ، چاپ و بڵاوم کردوونەتەوە ، ئەم کتێبانەی خوارەوەم تەنیا ،وەک دیوانی هۆنراوەکانم چاپ کردوە - هەوەڵ بەرهەمیانم لە 1345ی هەتاوی ( 1966) زاینی لە چاپ داوە ( یەکەمین کتێبی کوردیە ، لە رۆژهەڵات بە ئەلفوبێی کوردی نووسراوە ) و ئاخریشیان ، ئەم کتێبە ، واتە " شەماڵی وادە" یە . لزگەی کتێبەکانی دیکەم ، لە ژیان نامەی من دا ، لەسەر ماڵپەڕ، لە نێو کتێبناسی و لە کتێبەکانی دیکەم دا هەن و پێویستی بەوە نیە لێرە دا ، سەرتان بیەشێنم و ناوەکەنیان چەند پاتە بکەمەوە . مەبەست ئەوە بو ، بڵێم کە ئەمانەی خوارەوە ، تەنیا ئەو کتێبانەمن ، کە بریەتین لە هۆنراوەی کوردی :

1- دیوانی سۆران .
2- هۆنراوە و پەخشان .
3- کەماجاڕ .
4- داری مازو ( تێبینی: لەم کتێبەدا ، لەگەڵ هۆنراوەی سۆرانی ، چەند بابەتیشم لە زمانگەلی ئینگلیسی، ئەلمانی و فەڕانسەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی . هۆنراوەیەکیشم بە زاراوەی هەورامی نووسیوە و دەقێکیشم ، بە بن زاراوەی کەڵوڕی دێرامەدی تێدا چاپ کردوە ) .
5- بەیان .
6- شەماڵی وادە .

ئەم کتێبەی کە ئێستا لەبەر دەست تان دایە ، یانی " شەماڵی وادە " ، زۆرتر بریەتیە لەو هۆنراوە و تابلۆ مووزیکالانە ، کە لە ماوەی نزیکەی دەساڵ پێش دا ، یانی لە نێوان ساڵی 1378 تا 1388 ی هەتاوی ( 2009 - 1999 ) ، نووسیومن . بەڵام ، چەند هۆنراوە و"پەیڤی زیندوش"ی تێدایە ، کە زووتر نووسیبومن . کورتە هۆنراوەیەکی ئینگلیسیشمی تیدایە ، لە گەڵ دو دەقی ئەدەبی سەبارەت بە چڵۆنایەتی هۆنراوە و بارودۆخی هونەر .



له سۆرغ واتەی " شەماڵی وادە " ەوە ، پێویستە روونی بکەمەوە ، کە بە زمانی کوردی ، بە بایەکی فێنک (نەک سارد) و بڕێک کرژ دەڵێن ، کە زۆرتر لە ئاخر و ئۆخری زستان دا ، لە دەڤەری کوردە واری دێ ، بەفر دەتاوێنێتەوە و دەبێتە سەرەتا و مزگێنیەک بۆ هاتنی بەهاری ئازادی و تەبایی(فەرعانە) ، کە بە هیوام بابەتەکانی ئەم کتێبە ، لەم چلۆنایەتیە بێ بەش نەبن وبە نۆبەی خۆیان ببنە سروە ، پاڵپێوەنەر و هەواڵ هێنی بەهاری رزگاری ، بەختەوەری و لەخەم رەخسانی گەلی کورد ، لە کورستانی گەورە ، کە ئامراز و کەرەسەی هەرە گرنگی بە جێ هاتنی ئەم ئاواتە گرنگە نەتەوەییە ، بە یەکگرتنی هەمەلایەنەی گەلی کورد دەزانرێ .

## شەماڵی وادە :

بای وادەی شەماڵ قامکان ئەگۆڕێ
ئەهەنگ لێ ئەدا،هەریەک لەکۆڕێ
لە نێو بێشکە دا،کۆرپەی خەوڕەویو
ژیر ئەکاتەوە وەک ماستی مەیو
پەنجەرەی لادێ لار و شەق و شڕ
بە گوڕمی شەمال دێنە زڕەزڕ
لە پەرەی فا دا، ئەکەن هاتوچۆ
گڕوزیک ئەبن ، چەشنی پیانۆ
بای وادەی شەماڵ موژدەی پێ دەرە
بەهار غەملێنە و خەفەت لابەرە

تێبینی: لەبەر ئەوە بە بە پێچەوانەی داب و نەریتی باو ، ئەرکی نووسینی پێشەکی و ناساندنی ئەم کتێبەم نەخستە سەر شانی بیرمەندان و سەروەرانی خۆشەویست ، تا خوێنەرانی هێژا بۆخۆیان ، لە باتی پێشەکی و سەرەتا ، لە پاش خوێندنەوە ی پەڕتووکەکە ، بە بۆچوونی خۆیان ، راڤە و شرۆڤەی پێویستی لەسەر بنووسن و بەم چەشنە، بە بێ لە روودامان ، ئامۆژگاری و رێنوێنی پێویستم بکەن، کە ببێتە رێگە نیشاندەر ، بۆ نووسینی بەرهەمە کانی داهاتووم . پێشا پێش زۆر سپاسیان دەکەم .

ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com



**ئاگاداری: پێرستی ئەم کتێبە ، لە ئاخری کتێبەکەدا( لە لاپەڕەی 89) چاپ کراوە .**



## غەزەل

قوببەیی سەر دوندی بەرزی هەستی ئینسانە غەزەل
کووچە باغی سەوزی بیری شاری هەستانە غەزەل
بۆ بەیانی مافی هۆز و دەربڕینی دەردە کورد
مەڵهەمی ناسۆری زامی دەردی کوردانە غەزەل
کانی گەنجی مرخی شەنگە ، پڕ لە پەندە و فەلسەفە
کەشتی ئەفکاری مەندی گۆلی عیرفانە غەزەل
کاتی ماتی و رەنجەڕۆیی ولانەوازی هۆش و لەش
جەوهەری ئێکسیری رۆحە ، داو و دەرمانە غەزەل
دوای رەوێنی هەوری توند وهەڵمی بارشتی خەیاڵ
کۆلکە زێڕینەی هەتاوی پاشە بارانە غەزەل
باڵەخانەی شانشینی میری شازی وێژەیە
سەرگوڵی بەستە و مەقام و شاهی دیوانە غەزەل
بەردەنووسی سنگی خەڵکە ، رەنگی فەوتانی نیە
کۆنەشی مزر و فەریکە ، رەمزی هەرمانە غەزەل
بۆ پیاسەی هەستی تاسە و سۆزی دەمسازی ئەوین
خەڵوەت و زەنوێر و کەسکە ، چەشنی جێژوانە غەزەل
سەمفۆنی وێژە و خەیاڵە ، نۆتی مێلۆدی بەیان
سازی دەمسازی ئەوینە ، باغی مەستانە غەزەل
رێنوێنی رێی مرۆڤە بۆ ترۆپەی بەرزی ژین
دوژمنی پەستی و دهۆیە ، دژ بە وێستانە غەزەل
بەرهەمی بۆچوونی وردی ، حەزرەتی ناڵی و ئەدەب
ئاڵوباڵوی شارەزوور و شاری بۆکانە غەزەل
بۆ وەڵامی زوڵم و زۆر و کێشەجاڕی ناحەزان
ئەسڵەحەی بێ دەنگی دەستی مامە سۆرانە غەزەل

## پەیڤی زیندو :

مرۆڤگەلی مەزن ، لە کاتی ئاتاجی و داماوی دا ، تەرازوی ئاوەز (ویجدان } یان ، سەر سەنگ نابێ .



## بووکی ئازادی :

بەفری زەردی خاکەلێوەم ، تاوی بارانم نیە
تاقەتی ئەسرینی بووکی نەو بەهارانم نیە

لە بواری قووڵی عیشقا ، ورد و شەمزاوە لەشم
هێندە شەمزاوم ، تەنانەت هێزی شەمزانم نیە

زۆر ئەبینم بەژنی سەوڵ و رانی شووش وشلکە بەی
تاقەت و کاتی کوشینی مەمکەڵە و رانم نیە

لە قەراغی جەغزی شایی وبەزمی چۆپی ورەشبەڵەک
کەڵکەڵەی لاشانی نەرمی چاوخومارانم نیە

دێنە دەستم ، دۆی بەتام و شەنگە بێری لەنجە خۆش
بۆ کوشینی دەست و پەنجە ، هێزی جارانم نیە

من لە سوێی هاڕەی هەیاسەی جوانی هەورامانی کورد
بۆبەیانی هەستی ناسک ، تەبعی گۆرانم نیە

بەڵکە ، سەرخۆشم بە بادەی خۆشەویستی ئاو و خاک
دە قدەقەی تانەی شەوانەی مەیگوسارانم نیە.

عاشقێکی رووت و قووتی بووکی ئازادیم ، ئەمن !
وەحشەتی شەللاق و قەمچی و بەردەبارنم نیە



# پەیڤی زیندو

ژیان بریەتیە لە ماوەی نێوان دو جەمسەری هێڵێکی نەناسراو،کە خۆمان نەمان کێشاوە .

# سەمفۆنی هەتاو:

( تابلۆ مووزیکال )

خاتو هەتاو ! کانگەی وزە و تەوژم و تاو ، میترای(1) خودای کۆنی زەمان ،قبیلەی پێشوی خەڵکی میسر و کەلدە و مانا(2) ، ئەی هێلینی(3) شەنگی یۆنان ، رووناکی زەردەشتی کورد و ئۆتۆپیای(4) لەمێژی دەوران ،شەپۆلی کانی بێ وچانی گۆمی نوور ،چرای هەڵگیرساوی نزیک ، گۆی کەهکەشانی رێی دوور و ئاسمانی پانی بێ سنوور ، هەڵسووڕێنی مانگ و زەوی ، بەدیهێنی چرتە و سات و رۆژ و شەوی . سڵاو لە تۆ ، دادە هەتاو!.

خاتو هەتاو ! من تۆزێکی نێوان تیری تیشکی خۆری داکشاوم ، هێند چکۆلەم ، لە لزگەی بوونی گەردوونا نیە ناوم ، تۆ شا کیژی پرشنگداری ئاسمانی ، گەورە کچی بنەماڵەی کاکەشانی ، تۆ لە زەمان لەمێژتری ، زەمانە منداڵی تۆیە ، هەر چی هێزە ، لە تۆ کۆیە .

دادە هەتاو ! بە مەقەستی تیژی زانین ، بە هێزی پێزی تێگەین ، پەردەی عادەتی نەزانی و خدەی جەهل و نائاگایی ئەدڕێنم ، دەچم کۆڵێ وشەی رەسەن ، لە قامووسی کوردی دێنم ،بۆ سەنفۆنی دادە هەتاو ، نۆتی مێلۆدی ئەنووسم ،



هەست ئەچێنم ، ئامێری زانست ئەژێنم ، کاتێ پەردەی هەڵەی عادەت بەو مەقەستە دڕا و بڕا ، کەوای زانست بەبەر بڕا ،جیهان وەک تۆ رووناک ئەبێ ، رەبەن و روون و پاک ئەبێ .

خاتو هەتاو ! گەر تۆ نەبی ،ئەم جیهانە گەورە و زاڵە ، رەنگی لێڵ و رەش و تاڵە ،مەرگەساتی قەڕن و ساڵە ، وسکووتێکی بێ سنوورە و تەواوی هۆزی ژینەوەر ، کەڕ و کوێر و وست و لاڵە ؛ بۆ داروگیا بوون محاڵە ؛ لەسەر زەوی،لە نێو زەریا و بەرزی و نەوی ، هەنگوینی قاڵ ، ژاری تاڵە ؛ رەز ئەبێتە گوڵی ژاڵە .

خاتو هەتاو! قەڕاڵی زەلزەلە و لافاو ، بەدیهێنی بزەی رۆژینی خۆرەتاو ، دژی نسێ و شەوەزەنگ و ئەنگوستەچاو (5) ، روونکەرەوەی دەم بەیانی پاشەمەرگەی تاریکانی شەوی شێواو .

دادە هەتاو ! وێنەگەر و خولقێنەری شەمامەی کۆلکە زێرینە ، مێعماری کۆڵەکەی زێڕین ، شانەی کەزیەی گوڵەباخ و هێرۆ و نەسرین ؛ ئاودێری باغچەی روومەتی ئەوین و ژین . بەیانیت باش دادە هەتاو ، ئەی سەرچاوەی هەور و مژ و باران و ئاو .

دادە هەتاو! بارێنەری تەرزەی بەتاو ، رازێنەری تارای بووکی دەشت و چیا و مێرگ و هەوار ،کاتی بەهار ؛ کوورەی سەبوونی پڕ تینی وەرزی هاوین ، لە سارای چۆڵ و وشک و هین ؛ قەمچی لەشی گەڵارێزان، بۆ دارەکان ، کاتی خەزان ؛ ئەی سەرۆکی سوپای زستان ، فەرماندەی پێشمەرگەی شەختە و رێبەندان و سەهۆڵبەندان ، هەتاوی جوان ، خۆشەویستی مامە سۆران .

دادەهەتاو ! ئەی دایکی ناهید (6) و پەروین (7)، شیرین کەیبانوی خوێن شیرین ، دەستە خوشکی گەلاوێژ (8) و دایە گەورەی مانگی زێوین ، ئۆقیانووسی گەورەی تیشک و خولقێنەری رەشماڵی ساوای مەیلەو شین ، ئەی هەمو شت ، خۆری بەتین .



داده هەتاو ! تۆ نەبوایەی ئادەم نەبو ، حەووا نەبو ، مووسا نەبو، عیسا نەبو ، منیش نەبووم ، ئەویش نەبو ،هێچ کەسێک لە دنیا نەبو - ئەگەر کەسە ، خوشکە هەتاو ، پیتێ بەسە .

داده هەتاو ! تیشکی بەتاو ، نەیکەی بەقاو ، کەس نەی وێرا بڵێ خودای ، راستیەکی روون و گەش و تاق و جودای ... .

پرسیار :
خاتو هەتاو ! خاوەنی تاو ! لە ناوچەی دو قوتبی زەوی ، شەش مانگ شەوە و شەش مانگ خۆرە ، کوردستان قوتبی چەندەمە ، دایم هەوا کش و مات و رەش و بۆرە ؟ داده هەتاو !!!؟؟؟
مانای بڕێک لە وشەکان :
(1) میترا = خودای خۆر .
(2) مانا = هۆزێکی کورد بوون ، ئایینی مانایيان بوە و ناوەندی دەستەڵات ن ،لە قەڵای زێویە، لە کن سەقز بوە .
(3) هێلێن = هەتاو = یۆنانی .
(4) ئۆتۆپیا = مەدینەی فازیلە= شاری خەونەکان .
(5) ئەنگوستە چاو = کاتی زۆر تاریک ، کە بە دەستە کوتێ دەڕۆین و لە جێی چاو ، کەڵک لە قامک وەردەگرین .
(6) ناهید = ئەستێرەی ناهید .
(7) پەروین = ئەستێرەی پەروین .
(8) گەلاوێژ = هەتاو (شەمس) ی گەلاوێژ ، کە لفەودوانەن .

## پەیڤی زیندو

## هەمیشە قسەی وا بکە ، کە لە هەمو جێگەیەک بتوانی بیڵێی .



## گرانجانی ( توانج) :

(له زمانی دەرویش هەیاسەوە )

کڕیارێکی زۆر خاسم
بەزەوق و بە ئیحساسم
کانی هەست و ئیخلاسم
بێ ماڵ و بێ ئەساسم
ئەمن دەروێش هەیاسم
گرانجانی ئەتناسم

جنسی گران مەفرۆشە
مەگەرنێوکەڵلەت بۆشە؟
نەسیحەت جارێ خۆشە
بەرگی غەزەب مەپۆشە
لە دەستی تۆ هەراسم
گرانجانی ئەتناسم

مەشارەو رسق و کووتاڵ
پەنیرمەنێ پشت هەرزاڵ
رۆنی زەردوزەنگ وقاڵ
مەنێرە چاڵ لە نێو ماڵ
لە داخی تۆ ئەتاسم
گرانجانی ئەتناسم

لامەخە پوودری دەریا
کارتۆن مەنێ بە بەریا
ماسی خەڵاتی دەریا
لێفە مەدە بە سەریا
هێشتا ماوە حەواسم
گرانجانی ئەتناسم



بۆ یارەڵماسی و پیواز
سەف سازمەکە وەک سەرباز
بە خەڵکی مەفرۆشە ناز
مەمڕەقسێنە بە سەد ساز
عاشقی یارئەڵماسم
گرانجانی ئەتناسم

مەکە فێڵ و چاو و راو
مریشک مەنێرە نێو ئاو
گۆشتی نێری و بزنی زاو
مەفرۆشە بە بەرخی لاو
رۆژێ هەڵتئەواسم
گرانجانی ئەتناسم

تۆ ورچی یا نهەنگی
لەگەڵ خەڵکا بە جەنگی
لەبەر لاری ئەلەنگی
سەقیل و بە رچاو تەنگی
لەدەستی تۆ کەساسم
گرانجانی ئەتناسم

تەریقی ناکێشی تۆ؟
وەباڵ ئەگریتە ئەستۆ
سابوونی زبری بێ بۆ
ئەدەی لە جێگەی شامپۆ
ئاپۆرە نیم ، خەواسم
گرانجانی ئەتناسم



ئەندامێکی بێ کەڵکی
بێ کەڵکی چەشنی پەڵکی
تینو بە خوێنی خەڵکی
کرمی ریشە و رەچەڵکی
کڕیارێکی حەساسم
گرانجانی ئەتناسم

دوایی بێنە بەم ئیشە
ریشەت مەبڕە بە تیشە
پیشەت سەرپاکی نیشە
جەرگم مەدە لە شیشە
تارانی نیم بڵباسم
گرانجانی ئەتناسم

ساڵە و سۆران و هەیاس
لە دەستت بوون گێژو کاس
بەرشکست و ئاس و پاس
فرۆشتیان فەرش و پڵاس
دژی ئیشی هەباسم
گرانجانی ئەتناسم

وەڵامی هەباس بۆ هەیاس:
هەیاسە!لە دیواخان چ باسە؟
دروستە گرانجانم ،بن دەستی دیواخانم ،من بێ سووچ و تاوانم.
تێبینی: ناوگەلی هەباس و هەیاس ، خەیاڵین .



### پەیڤی زیندو :

درۆ وەک تراویلکە {سەراو} وایە ، هەتا لێی نزیک دەبینەوە ، پتر دەزانین بۆش و نێوبەتاڵە و راستەقینە چون کێوە ، تا زۆرتر لێی دەچینە پێشەوە ، پتەوی و بوونیمان باشتر بۆ دەردەکەوێ .

## هۆنراوەی مێلۆدیک

پۆلی خێڵی کیژە حۆری جامە تەنگی شۆخ و شەنگ
غەرقی پاموورە و پیاسە و پرپرە و پارە و پەرەنگ
مەستی هەستی جامی خەستی شۆڕەمەی خۆش ئاووڕەنگ
رێژەری ئەشکی ئەوینی وەک شەتاوی مەنگی مەنگ
بێنە کۆڕی مەیگوساران ، هەڵپەڕن بە دەنگی چەنگ
تۆش لەسەر بەی مەی بنۆشە ، دەی دەی و کەی کەی بکە



# پەیڤی زیندو

زمانگەلی ئاخەوتنی جیهان لەگەڵ یەک دا زۆر تۆفیریان نیە ، چون هەموویان بە زمانی نێو دەم (لەتێک گۆشت) ، قسەیان پێ دەکرێ .

## کۆڕی کوردانی تاران (KKT) :

ئەم کوردانەی لە تارانین
یەک میلیۆن و هەزارانین
گشتمان خەڵکی کوردەوارین
هی دێ ، هەوار یا هی شارین
بڕێک بادینی و سۆرانین
هێندێ هەورامی و گۆرانین
دەستەیە لوڕ، بڕێک لەکین
بۆ دڵپاکی ، تاک و تەکین
خەڵکی رووبار و خوراسان
کرمانجی شیروان و قووچان
بەعزێک فەیلی و ئەهلی حەقین
لە راستیدا ، ئەهلی حەقین
هەرکی، شکاک ، بەختیاری
ئەردەڵانی ، موکری ، یاری
زەرزا، مامەش دۆم، جابانی
گەورک، مەنگوڕ، باوەجانی



شاماتی، دەشتی لاجانی
خەڵکی چۆمی مەجیدخانی
مەنمی ، داسنی، گەڵباخی
گەڕووس ،ساراڵ،بان یەیلاخی
تەکاو ، هەوشار ، بان هۆبەتو
کەلی خان و لای کەمەتو
چاڵدورانی، مەرگەوەڕی
تیلەکۆیی ، تەرگەوەڕی
کاڵەمووین ، دارستانی
پیران ، جلۆ ، یارستانی
سەرشیوی و دەستەی پشدەری
وەرمەزیاری و رەوانسەری
هۆزی بەگزادە و کولیایی
مۆرەک ، جەلالی ، کاکایی
سەنجابیشمان لە نێو دایە
بڕێکێش جاف و زازایە
قازی و شێخ و مەلازادە
دەروێش و پیاوی ئازادە
بڕێک خوێندکاری زانستگان
کیژ و لاوی روون و ئاگان
خەڵکی سندووس، گاوەرۆیی
دێمۆکری و ژاوەرۆیی
هێندێکیش کوردی ئەو دیون
لە کەرەجدا ، دابەزیون
چ گەرمێنی ، چ کوێستانین
گیانفیدای سەرۆک بارزانین
خەڵکی تەواوی شارەکان
مەڵبەندی رۆژاوای ئێران
سونقوڕ،هەرسین، کرماشانی
بانە ، سەقز ، مەریوانی
لە ئیلامەو ، هەتا ماکۆ



له دووئاوەو ، تاكو بەمۆ
سنە،سەردەشت، خەڵكی خانێ
بیجاڕ و كۆنە لاجانێ
سیمینەیی و مەهابادی
بێستوون ، قەڵای فەرهادی
دەوری سەڵماس ،مەرەند و خۆ
ورمێ ، ماكۆ ، سێرۆ ، شنۆ
سەرپێڵی، قەسری، بۆكانی
نەغەدە و پاوە و ئەیوانی
سەحنەیی و خوڕڕەماوایی
شاهابادی ڕۆژاوایی
بڕوجورد، گۆدەرز و ئەزنا
نەهری، شارێ پیاوێ مەزنا
یاسووجی وخەڵكی شاری كورد
ببن بۆ شوانكارە بە پرد
ساینقەڵا و دیواندەرە
چەرداوڕو و ئەو دەوروبەرە
كەنگاوەری، خەڵكی زێوە
قوڕوە ، بەهار و ئەو نێوە
سرێشاوا و دێگوڵانی
مەلیكشاهی ، كامیارانی
ئابدانان و دەوڵەتاوا
ڕەبەت ،گێلانی ڕۆژاوا
ڕەنگە كوردی دیشی لێبێ
دەبێ قامووسێكم پێبێ
لەم كوردستانە گەورەیە
هۆزی دیكەش گەلی هەیە
گەر هۆزی تۆم لەبیر چوە
قامووسەكەم پێ نەبوە



لێم ببوورە ، بە کوردانە
بە دڵسۆزی تێم بڕوانە
دیارە خاوەن چەن دینیشین
پەیڕەوی چەن ئایینیشین
لەوە گەڕێ ! هەمو کوردین
لە نەتەوەی کاوەی گوردین
ڕۆحمان یەکە، گشتمان یەکین
دەڵێن بۆ دڵپاکی تەکین
لە زێدی خۆ ژینمان تاڵ بو
مۆتە بەسەرماندا ، زاڵ بو
لە دەستی جەور و بێکاری
دەرکەوتین لە کوردەواری
هاتین گیرساینەو لە تاران
بەجێمان هێشت خزم و یاران
لە تاران و دەوروبەری
لە سەراوی بێخەبەری
کەس هەواڵی لەکەس نەبو
کەس بۆ هیچکەس دەربەس نەبو
کەس نەیدەدی رووکاری کەس
مەگەر لە پرسە وشین وبەس
بەڵام ئێستا کۆڕمان هەیە
جێی هومێدی ئەم گەلەیە
بە هۆی کۆڕەو ئێستا خاسین
یەک ئەبینین ، یەک ئەناسین
خۆ بناسین، ناپسێینەوە
پەرە ئەگرین، ئەژێینەوە
لە دەوری کۆڕ ،کۆبن بە کۆ
بێ فسۆسی و لاری و دهۆ
من یەکێکم ، نەختێ جێمە
پەری سەرکەوت پشتی لێمە
کاتێ کۆ بوین،بوینە ئێمە
عەقڵ هیوای دنیای پێمە



هەر دارێک ، کە بو بە هۆرە
بۆگەلی خۆی، بو بە خۆرە
دوای ئەوەی خۆی پێ ئەشکێنن
لە ئاگردا، ئەیسوتێنن
یەک بگرن ، یەک بکەون
هەتا لە کەل سەر ئەکەون
سۆرانیش هاوڕێی ئێوەیە
پەنجا ساڵە بە رێوەیە
بە هۆی ئێوە بە پێوەیە
بەپێوەیە ،بەپێوەیە !
بە پێوەیە ................

## پەیڤی زیندو:

کاتێک کەرەسەی بدوێنی زمان وزەی ئەوەی نەبو هەستی دەروونی مرۆڤ بە تەواوی دەربڕێ ، دەستەو داوێنی ئامرازی روانینی پڕواتای چاو دەبین .



## ئاڵای سەر تابووت .

{پێشکەش بە دایکی پێشمەرگەی کوردستان} .

کوا پێشمەرگەی مەرگەساتم؟
پاشە مەرگەی رێی نەجاتم
منداڵی خۆزگە و ئاواتم
خولقاوی رامیاری کاتم

چەکم پێنووسێکی چووکە
قامیشێکی سووک و پووکە
سەنگەرم سەفحەی پەڕتووکە
ناسک وەک سەرپۆشی بووکە

خاکم گەورە و پان و جوانە
رەنگە چەند هێندەی لوبنانە
کانی مرۆڤی چازانە
پڕ بەرهەمە و کانی کانە

پێنج پارچەم و بێ پەرچەمم
بۆخۆم شێعری مێژوی غەمم
گەلێ زۆرم، کەچی کەمم
من پەپوولەم، لە کوێ شەمم

لەگەڵ ئەمەش بێوڵاتم
دەربەدەرێ کشوماتم
ماڵبەکۆڵی رۆژهەڵاتم
لە رۆژهەڵاتیش هەڵاتم



مارش و سروودیشم نیە
گەر بیشم بێ ، بە کوردیە
جێی دەگەشە و قاچاغیە
وەک ئاڵاکەم رەسمی نیە

جا ، کە وایە - کاتێ مردم
وەختێ ژینیان لە نێو بردم
کاتێ تەر مەکەتان بردم
چونکە وام وچونکە کوردم

لەسەر تابووتی بێدەنگم
لەسەرمەیتی وست ومەنگم
لەباتی ئاڵای بێڕەنگم
لەجێی مارشی شینی شەنگم

جامانەی پێشمەرگە داخەن
کە هەڵۆی بەرزی ئەم شاخەن
چون گوڵی سووری ئەم باخەن
جێگەی شانازی ئەم چاخەن

مامە قالەش بە شمشاڵی
بە سۆزی نێو گەروی تاڵی
بە قامکی پڕ خەیاڵی
لێدا هەوای خێڵگەی خاڵی

بەم چەشنە بمبەن بۆقەبران
بۆ نێو گڵکۆی شەهیدەکان
شەهیدەکانی کوردستان
کوردستانی گەورەی سۆران

تێبینی: لە زۆر سۆرغەوە ، چون باشووری کوردستان ، هێندێک دەستەڵاتێکی دەڵەمەی هەیە ، بڕێک لە دەقی ئەم هۆنراوەیەیە ، بە تەواوی ئەو بەشە ناگرێتەوە .



## بیر و تەگبیر :

چەکی کاری رمی پێنووسە ئێستا
مەیانی شەڕ، پەڕەی لێنووسە ئێستا
سروودی جەنگ ،گەشەی رێنووسە ئێستا
پەری زانست ، کچی ڤێنووسە ئێستا
لە بەستێنی ژیانا ، بیر و تەگبیر
بڕشتی زیاترە تاشیر و تاتیر. (دووپاتەی بەشێکە لە هۆنراوەی" سەقز")



## ریشی ریا:

گەر هەدەف حوققە و ڕیایە ، خۆرەیی ویجدانە ریش
ئافەتی ژینی مرۆڤە ، دوژمنی عیسانە ریش

ناحەز و دژوێن و پیسە ، مەعدەنی چڵکە و چەپەڵ
بۆ قەبیلەی کێچ و ئەسپێ ، مینگە و جێژوانە ڕیش

ریشی هێندێکیش ئەوەندە دێز و خوێنتاڵە، ئەڵێم
یۆسفیش هەیبێ ، دزێوە و ناحەزی دەورانە ریش

بۆ رواڵەت ، ئەو ردێنە ، مەزهەری دینداریە
داخەکەم ، جێگەی جنۆکە و لانەیی شەیتانە ریش

قەت فریوی ریشی بۆز و ناوی حاجاغا مەخۆ
کامە ریش و کامە حاجی ؟ دوژمنی ئیمانە ریش



خۆت بپارێزە لە جننی ریش و ئەنگوستیلە زل
بەیتەشە و ناپاک و لارن ، لانکی تاوانە ریش

پیاوی کۆسە ریشی دانێ، چڵچڵ و کەمپشت ئەبێ
گەندەموی دەوری چەناکەی، وەک ..... ئامانە ریش

ریشی ئەم جۆرەش هەیە ، کە دوژمنی ریشی ریان
با نەمێنێ ! - هەر چلۆنە ، چارەیی فەوتانە ریش

دوێ وتی گالیلە : کاکە بۆ ئەبەن ئابڕوی من ؟
کوا شیاوی پیاوی چەوت و پیاوکوژ و جەردانە ریش؟

ڕیشەکەی ریشەی ڕیایە ، بۆیە خەڵکی پیاڕیا
بۆیە جێگەی تیر و تانەی میللەتی سۆرانە ریش

## پەیڤی زیندو :

ئەو خودا چکۆلەیەی ، کە هەر مرۆڤێک بە بیر ، خەیاڵ ، بەرد و شت و مت بۆ خۆی دروست کردوە ، زۆر تۆفێری هەیە لەگەڵ ئەو دەستەڵاتە مەزنەی ، کە جیهانی پێک هێناوە .



**بۆ ساڵ هاتی لە دایک بوونی سەرۆک مستەفا بارزانی :**

هۆنەری مەزنی کورد ، ماموەستا ئەبولحەسنی سەیفی قازی ، کە مامەی شەهید پێشەوا قازی محەممەد بوە ، دەفەرموێ " بە کوتە شانامان گەلان دەمێنن، بە میر و مەزنان شان دەشەکێنن " ، جا ، بۆ ئەوەی ئەمەک و رێزی میر و مەزنانی خۆمان بپارێزین ، ساڵی 1979 (1357) ، ئەم هۆنراوەیەم سەبارەت بە قارەمانی مەزنی کوردستانی گەورە ، سەرۆکی هەڵکەوتو ، مەلا مستەفا بارزانی نووسیبو ، کە ئێستا بە بۆنەی ساڵ هاتی کۆچی دوایی ئەو خۆشەویستەوە ، دیسان پێشکەشی دەکەمەوە . 25ی رەشەمەی 2704:

## قارەمانی مێژو

ئەی سەرۆکی شازی هۆزم، تۆی دروشمی ناوی کورد
ڕێبەری بێمەرزی عەرزم، تۆی گێینەی چاوی کورد
شاهەڵۆی سەر شاخ و داخی بارزانی بەرزی تۆ
هۆی هومێد و هێزی هەستی قەومی لێقەوماوی کورد
وەک مەسیحا ، رۆحی پاکت کوردی زیندو کردەوە
سەرلەنوێ ژینی ژیاوە ، دەبدەبەی دۆڕاوی کورد
گاندیەک بوی بۆ تەواوی هۆگرانی ئاشتی
بویە قیبلە بۆ ژنان و کیژ و پیر و لاوی کورد
رۆشنیت خستە جیهان و زوڵمەتی زوڵمت رەواند
تۆی هەتاوی تابناکی ، تاو و ساوی تاوی کورد



قەدری تۆگش کەس ئەزانێ، شوێنی چاکت ون نیە
هەیکەلی ڤێنووسی سوڵحی،پەیکەری هەرماوی کورد
مستەفا واتەی بەڕێزی فەلسەفەی رزگاریە
ناجیەک بوی بۆ وڵات و بۆ گەلی داماوی کورد
مەشعەلی ئازادی کوردت ، دانەنا تاکو ژیای
ژینی خۆت کردە خەباتی ، خزمەتی پێناوی کورد
گا، لە کورتەک،گا لە ئەزمەر،گا لە کێوی ئاگری
ئاگرت هەڵکرد بە شۆڕش ، بۆ شەوی شێواوی کورد
مەرزی سێ دەوڵەت شکا، بە هێرشی ئارازەکەت
رۆستەمی، هێرکوولی، سامی، پاڵەوانی پیاوی کورد
قوببەیی قەندیلی قنجت کردە میحرابی وتار
گەییە دنیا، باس و خواس و ناو و باو و قاوی کورد
گەر لە مەسکەو یا لە لەندەن یا لە ئەمریکا ژیای
نوێنەرێ بوی بۆ بەیانی مافی نادرکاوی کورد
داری ئازادی بە دەستت لەم وڵاتە رۆنرا
هاتە بەر باغی نەمامی ، پڕ بەر و پاراوی کورد
قارەمانی ، هەر ئەمێنی ، شاهیدی تۆ مێژوە
فەخری کوردانی جیهانی ، شێعری ناوتراوی کورد

تاران - 1357ی هەتاوی( 1978 ی زاینی )

**پەیڤی زیندو :**

تەمەنی درێژ گرنگ نیە، تەمەن دەبێ هەم پان و هەم بەرز بێ .



**پەیامی شەهیدێکی حەڵەبچە بۆ ئاپۆ چکۆلەکان :**
**{دو رۆژ دوای گیرانی سەرۆک ئاپۆ نووسراوە}**

ئەی ئەوانەی بەچکە کوردن
کاڵن ، کرچن ، هێشتا وردن
لەسەر لانک خەریک کایەن
بێخەبەر لە ئەم دنیایەن
ئەزانن کە کێن و لەکوێن؟
هەڵکەوتوی کامە کات و جێن؟
مێژوی ئێوە کۆنە و لەمێژ
رێگەی ئێوە لێژە و درێژ

بەوەی کوردن ، تاوانبارن
جێی دەگەشە و قین و قارن
ئێمە وێنەی زیندوی ئێوەین
قوربانی ئەم شاخ و کێوەین
بەعسیو مەعسی هاتنە سەرمان
بەرگی مەرگیان کردە بەرمان
خنکاین،برژاین،سووتاین،مردین
بێخەتابوین ، تەنیا کوردین

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە

ئەی منداڵە چاو بازەکان
پچڕێنەری دەسرازەکان
کاتێ وەک ئاپۆ گەورە بوون
بە سەرۆکی ئەم دەورە بوون
بە وێنەی ئەو شارەودەر بوون
لە دنیادا ، دەربەدەر بوون
پەنا بەرن بۆ شاخی خۆ
خڕبن لەبن بەیداخی خۆ



کیژه چووکەی خشپیلانە
دەست خرپنەی چاو کەڵانە
پەری قژن ، نازدارەکەم
ئەی وسکووتی هاوارەکەم
ئەی پێنووسە شکاوەکەم
ئەی زمانە بڕاوەکەم
ئەی هاواڵە کوژراوەکەم
ئەی دڵسۆزە گیراوەکەم

تۆش گەورە بی دیلی کۆتی
لەیلا زانای کاتی خۆتی

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەرێوە
هەر ئاپۆیە بە سەد شێوە
خنکێنەری جنن و دێوە

کیژان، کوڕان ، منداڵەکان
خونچیلانەی نێو ماڵەکان
هاتو ئێوە بوونە ئاپۆ
پارێزەری میللەتی خۆ
لە جێی زەیتوون ژەهر بەرن
بۆ ئەوانەی کەڕ و کەرن
زەیتوون ئەبرێ بۆ جوامێران
بوزانایان ، بۆ دلێران



خرپنەکان ، دڵپاکەکان
وڵات زۆرە بێخاکەکان
ترسەنۆکە ، بێباکەکان
ئەی سەربڕە! پیاوچاکە کان
کاتێ زل بوون، بوونە ئاپۆ
بوونە گەورەی میللەتی خۆ
پشت مەبەستن بە بێگانە
ئەینا ئەچنە بەندیخانە

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەرێوە

مەچەک نەرمی رەزاسووکم
وردیلانەی زیت و چووکم
تۆش گەورە بی ، ئەبیە ئاپۆ
هێندە گەورە، چەشنی شاهۆ
وا مەزن و وریا ئەبی
زیندانی نێو دەریا ئەبی
دەریای مەڕمەڕ،پان و پەنگە
کۆشکی مەڕمە ڕبۆ تۆ تەنگە

منداڵەکان، منداڵە کان!
ئەی خانەخوێ بێماڵەکان
گەر زلە بوون، پەرەوازن
شارودەر و لا نەوازن
هێندێکتان ئەبە ئەلمانی
بڕێک ئەبنە لێهستانی
یا بلژیکی و ئامریکایی
هیندی ، رۆمی، کانادایی



بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە

رۆڵە مێشک بلوورەکان
میلیۆنەکان، کولوورەکان
ئاوارە رێگە دوورەکان
بەزێنەری سنوورەکان
برای سوننی رەزاتاڵم
کوردە شیعەکەی عەوداڵم
قەحتورڕیجالە لەم هەردە
سەرۆکی مەن،غەیرەی جەردە

لەیلای پرچن،زانای چووکم
نەرم و نیان چەشنی بووکم
ئەی شێعرە نەنووسراوەکەم
ئەی رازە نەدرکاوەکەم
قەسەم بەوەی ترسی لانا
بە دەستبەندی لەیلا زانا
گۆرانی نەوتراومی
ئامانجی نەپێکراومی

بەڵام چاکە لە نیو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە
هەر ئاپۆیە بە سەد شێوە
خنکێنەری جنن و دێوە

منداڵەکان، بێکارەکان
لە ماڵی خۆ غەووارەکان
کۆڵ بە کۆڵی هەوراز وبەرد
دەستبەتاڵی هەناسە سەرد



ئەی هەربە ناو زیندوەکان
لە ترس کوشتن مردوەکان
قاچاغچی پارچە و بلوور
رووخێنەری ساختە سنوور

بۆ قاچاغە چیت و میتە
مەگەر چایی دینامیتە؟
نە کارخانە ،نە مووچەیە
داهاتی تۆ هەر ئەوەیە
هیرۆین و تریاک قاچاغە
حەشیش و بارووت یاساغە
شووشە و تریاک جێی گۆڕاوە
پاکی و پیسی تێکەڵاوە

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە

ئەی مامەکان! ئەی کاکەکان
خنکێنەری زوححاکەکان
سەرۆکی ئاو و خاکی من
نوێنەری هەستی پاکی من
قەسەم بە رەنگی زەرد و شین
سوێندبەژیان،سوێند بە ئەوین
نەبنە دۆستی دوژمن خۆ
نەکەن ئەم هۆزە رەنجەرۆ

تۆبەی گورگ فەقەت مەرگە
گورگە دەرکەن لەبەر دەرگە
تیتل و بیبل هەڵئەدڕن
بەرخۆڵەکان سەر ئەبڕن



یەک بگرن، یەک بکەون
هەتا لە کەل سەر ئەکەون

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە
هەر ئاپۆیە بە سەد شێوە
خنکێنەری جنن و دێوە

بڵێن بە گەورە جاشەکان
ئەی کا وجۆ بەلاشەکان
سوێند بە کورتانی لاری تۆ
بە بار ودەسکەوساری تۆ
قوڵەقەمچی قەمچی نەچێژ
گوێکورتی عەینی گوێدرێژ
قەسەم بە جاشی نێرو مێو
بە هێستری پێوەری کێو

بە خاتری کەری عوزەیر
خۆت مەکەرە باربەری غەیر
من لە تۆم و تۆش لە منی
کوانێ لە خێڵی د وژمنی؟
هەردارێک کە بو بە هۆرە
بۆ گەلی خۆی بو بە خۆرە
پاش ئەوەی خۆی پێ ئەشکێنن
لە ئاگردا ئەیسووتێنن

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە



پا گوشتنە چاو ڕەشەکان
دەوڵەمەندە بێبەشەکان
خوێنشیرینە خوێنتاڵەکان
پیتۆڵە زمان لاڵەکان
هەرچەن لەهۆزی عیسانن
زماندارى بێزمانن
ئێوەش وەک من تورکی شاخن
عەنەدۆڵی بێوەجاخن

منداڵەکان، منداڵەکان
قژکاڵەکان، رەشتاڵەکان
کاتێ زل بوون، بوونە لاوێ
هیچ دەلیل و بەڵگەی ناوێ
بێ بەهانەوسووچ وعەجەل
بە مووشەک و گازی خەردەل
ئەتانکوژن هەزار هەزار
لە نێو دەشت و شاروهەوار

بەڵام چاکە لە نێوئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەرێوە
هەرئاپۆیە بە سەد شێوە
خنکێنەری جنن و دێوە

فڕۆکەیەک لە عاسمانا
لە عاسمانی شین و پانا
لە ئیسکەتلەند کەوتە خوارێ
چەند کەسێک مردن بەجارێ



لەو دەمەوە هەرایەکە
کێشەیەکە، غەو غایەکە
بە شەیپوورو بە زوڕناوە
بانگیان داوە بە دنیاوە

بەڵام ئێمە چەند هەزارین
چەند هەزاریش بریندارین
سەدهەزاریش ئاوارە بوین
دەربەدەری ئەم شارە بوین
دەرکی ویجدان وا داخرا
کەس نەیپرسی بۆ وا کرا
خوێنی ئێمە دیارە ئاوە
کوشتنی کورد دابە، باوە

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار ئاپۆ وا بەڕێوە

مامە کووفی عەننانەکەم
ئەی رەنگینە چاوجوانەکەم
ئەی سەرۆکی( یوئێنی) من
ئەی زمانی بدوێنی من
لە سەرکوردیش شتێ بلێ
لە ملهوڕان مەکە سڵێ
بۆشارێکیان قەتڵی عام کرد
حەڵەبچەیان بۆ ئیعدام کرد
ئاپۆ کوانێ گوناحکارە
کەی مەندێلا خەتابارە

بەڵام چاکە لە نێو ئێوە
هەزار پاپۆ وا بەڕێوە
هەر پاپۆ یە بە سەد شێوە
خنکێنەری جنن و دێوە



## پەیڤی زیندو :

با ببینە ئەستێرەیەک بۆ ڕوونکردنەوی کاکەشانی گەل، نەک تاقە ئەستێرەیەکی ڕووناک .



## ئاڵای کورد :

بووکی شێعرم بۆیە وا رازاوەیە
دەستەوانەی چەکوشی دەستی کاوەیە

دێرەکانی بۆ خەباتی دۆزی گەل
هێندە بەرزە ، چەشنی شاهۆی پاویە

هەر زۆحاکێ ماری شانی بێتە شەڕ
خۆی و ماری نوقمی ئەو گێژاوەیە

قەسری گەورەی پەرچەمی کورد ساز ئەبێ
خەندەکی ئەو ، ئەم دڵە رووخاوەیە

رەنگی سووری سەرقەدی بەیداغی کورد
خوێنی قەلبی ئەم دڵە خوێناوەیە

باڵی چەرموی (1) کۆتری سولحە و ئەوین
وەک هومایە، ناحەزی ئاژاوەیە

بۆیە کەسکە، یەک بەشی ئاڵاکەمان
هەستی سەوزی بۆبەزە(2) سەرچاوەیە

رۆژی روونی ، تیشکی هێزو گەرمیە
ژینی ئێمە ، تینی ئەم هاڵاوەیە



شاری عیشقە ، قەلبی گەنجانی(3) وڵات
گەنجی (4) شارم ، گەوهەری شاراوەیە

شاهیدی دی ناو و تابووتی هەیە
من شەهیدم ئەوکچە بێ ناویە

شاعیری مەرد ، پیاوی هۆزی خۆیەتی
هەرچی مەردە ، هۆگری ئەو پیاوەیە

ماناي هێندێک لە وشەکان :
(1) چەرمو = سپی . (2) بەزە = رەحم . (3) گەنجانی = لاوانی . (4) گەنجی = خەزێنەی .

## پەیڤی زیندو

ئێمە چون هەموومان ئەولادی باوە ئادەمین ، پێمان وایە وەک ئەو دایک و بابمان نیە ، هەر لە بەر ئەمە بە دەگمەن لە بیری دایک و بابمان داین ، بەڵام چون ئەویش منداڵی بوە ،ئێمەش هۆگری منداڵەکانمانین .



## شێوەنی وێژەیی(بەبۆنەی کۆچی دوایی ماموەستا هەژارەوە)

ئەمڕۆ لە دڵما شەپۆڕ و شینە
گڵپەی ئەسرینم ، بە تاو و تینە
لە گوند و لە شار ، لە شینی هەژار
سینە کوتینە و روومەت رنینە
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
ئاڵا هەڵگری شاعیرانم بو

پیاوی پاکەوتەی کۆمی کۆنە ساڵ
لاوی قنج و قیت،کوڕی مێرد منداڵ
ئافرەتی سەرە و کیژی کەم تەمەن
شیوەن دەگێڕن ، بە رواڵەت و حاڵ
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
هەژاری هێژای هەژارانم بو

بوعەلی سینا ، حەکیمی زانا
کە بە قانوونی ، قانوونی دانا
دەرمانی بکا قەلبی شکاوم
چەممەر بگێڕێ ، لە کوردستانا
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
جێگەی شانازی گشت ئێرانم بو

خەییامیش بێتە کۆڕی شینەوە
بە کووپەی مەی و بە ئەسرینەوە
روباعی بلێ ،" شێعری هەوڕگەر"
بە شێوەی هەژار بیخوێنینەوە
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
سەر قافڵەی خێڵی عارفانم بو



کوا بابه تاهیر بێته بەزمەوە
بێته نێو عەزای بەزمی جەزمەوە
بەزاری لوڕی بیلاوێنێتەو
بە هۆی دوبەیتی،زۆربە نەزمەوە
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
شانازی لەک و لوڕستانم بو

خەبەرداری کەن ئەحمەدی خانی
نووسەری بەیت وچیرۆکی جوانی
لەگەڵ زین و مەم شێوەن بگێڕن
رۆژ و ئێوارە ، شەو و بەیانی
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
زانای زاراوەی بادینانم بو

کۆانێ جزیری ،هۆنەری گەورە ؟
کە ناوی بەرزی لە ژووی هەورە
شێوەن بگێڕی لە جزیر و بۆتان
لە بۆ هۆنەر و نووسەری دەورە
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
رێڕەوی رێگەی شەرەفخانم بو

کوا ئەویندارێک ، کوا بێسارانی
کوا ماچۆماچۆی نێو هەورامانی ؟
سۆرانی شین کا بۆ پیاوی مەزن
لەبۆ گۆران و بۆ هەژارانی
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
عاشقی شاخی هەورامانم بو

دەبا وەفایی لە مەیدانی شار
خەڵکی کۆ کاتەو میلیۆن و هەزار
پەیکەر بتاشێ، لە بەردی مەڕمەڕ
بیکاتە قیبلەی یارانی هەژار



ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
شاعیری شازی شەمزینانم بو

مەولەوی کوانێ سەردەستەی یاران؟
پیری باوەفای نێو وەفاداران
بە سۆزی دەروون بیلاوێنێتەو
ئەسرین بڕژێنێ، وەک پڕژەی باران
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
سەردەستەی دەستەی بەهەستانم بو

دەبا پیرەمێرد بە ژیان و ژینەو
بە شێعری بەرز و نەسری شێرینەو
یادی ئەو بکا لە گردی یارە
بە دوازدە سوارە و بە مەموزینەو
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
خۆری ئەزمەر و سەر سەیوانم بو

حاجی شۆڕشگێڕ ، هۆنەری کۆیی
شینی بۆ بکا ، بە شێعری خۆیی
فرمێسک بڕێژێ ، چەشنی تەنجەڕۆ
چونکە هەژاری هاوبیری رۆیی
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
رۆڵەی دڵسۆزی نیشتمانم بو

ناڵی بناڵێ ، بە ناڵەی بەیان
شێعری بۆ بڵێ – شاکاری بەیان
ببیاتە دوندی خەیاڵاتی بەرز
نیشانی بدا هەتاوی بەیان
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
گزنگی خۆری دەم بەیانم بو



کوا ئەحمەد موختار شۆڕە سواری جاف
هۆنەری گەلی – خوازەری مەساف
لە شارەزوورەو بێتە موکریان
بچتە سەر گڵکۆی بە عەزمی تواف
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
سروەی سەربەستی سەر سیروانم بو

بڵێن بە قانع یاری دێرینی
بەر لە هەمو کەس بێتە سرینی
بە وەسیەتی خۆی بیلاوێنێتەوە
بە شێعری کوری بدا تەڵقینی
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
هەڵوی سەر شاخی مەریوانم بو

دەرویش عەبدوڵلای مام گۆران کوانێ؟
لەشکری لێدا ، تاکو دەتوانێ
بە سۆزی شمشاڵ فرمێسک بڕژێنێ
چەمـــەر بگێڕی ، یەک دو وچانێ
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
شەمعی شەو کوژی شەوستانم بو

با بەرێکەوین بەرەو موکریان
بچینە شاری ئەوانەی وریان
لای بوداق سوڵتان ، ئارامگەی هێمن
دنیا ئاو بدەین ، بە گوڕمی گریان
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
سەرقافڵەی خێڵی سەرمەستانم بو

کوا بابە مەڕدووخ ، دیخودای کوردان
جێی ڕێزی زلە و نێونجی و وردان
باسی بنووسێ ، لە نێو مەشاهیر
ناوی بنێتە سەر ناوی مەردان



ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
نووسەری مێژوی ئەرەڵانم بو

چاوی چاوانم ، جێگەت خاڵیە
لە دوای تۆ بەشمان تاسە و تاڵیە
کام کەس دەتوانێ جێگەی تۆ بگرێ؟
پەژارەم دەردی تەنیا باڵیە
ئەدیبی گەورەی کوردستانم بو
جێگەی شانازی کاک سۆرانم بو

## پەیڤی زیندو :

ریشەی توانین زانینە ، میوەی زانین توانینە .



## سەقز(شاری 11 ئەستێرە ):

سەقز ئەی شاری میژوویی  لە مێژم
سەقز ئەی خاوەنی  میژوی  درێژم
ئەتۆ بوی گەورەشاری  شا  دیاکۆ
دیاکۆی ئیمپەڕاتووری  گەلی   تۆ
دیاکۆی خاوەنی نا و    و    نیشانە
قەڕاڵی   گەورە هێزی ئەو  زەمانە
لە دەشتی زێڕی تۆزەڕدەشت ژیاوە
لە دوندی تۆ گڕی ئاگر      گڕاوە
بە هێزی بیری  رووناکی  ئەویستا
خەڵک حاڵین و دەروەستن  ئەوێستا
خدەی چاک ووتەی پاکی مەشوورن
ئەوەی وابن، لە کاری بەد بەدوورن
تەلاری  زێویەت  ناوی      بەناوە
قەڵایەک بو ، لەوێ، مانی      ژیاوە
کە مانایی دەڵێن خەڵکی ئەوێ  بوون
مانا وەیە،کە مانیش هەرلەوێ  بوون
بە  هۆی  ئەنتیکە  کۆنیەی  ئەوێوە
وڵاتی  مە  وەها  نێوی      بە نێوە
لە مووزەی لەندەن و  بێرلین و تاران
لە پاریس  و لە   باقی گەورە  شاران



هەچی جێیەک دەچی،مەشهوورە نێوت
هەموی پڕیە ، لە ئەڵماس و لە زێوت
لە ئاساری بە نرخی گەوهەرینت
لە مێژوولکە و لە پێشینەی بەرنت
ئەوەی شوێنە بە سامانت غەنی بو
فەقەت سەققز لە بەشدا بێبەری بو
لە زیندان و لە قەسری شیسی سەردار
کە هەڵکەوتون لە نێو مەڵبەندی هەوشار
دەیان شا وەک سولەیمان لێی ژیاوە
لە مێژودا ، هەموی شەرحی دراوە
کەرەفتوشت کە ئەشکەوت و قەڵایە
لە مێژودا، کەلایە و سەرمەڵایە
لە کاتێکدا وڵاتێ سەربەخۆ بوی
سەرۆکی ئەم هەرێمانە ئەتۆ بوی
ئەتۆ هاوشانی کەلدە و رۆمی کۆنی
وەها کۆنی، کەسێ نازانێ چۆنی
ئەوندەت باسی مێژویی لە لایە
کە باسی ئەو، لە دەست ئەم باسە نایە
لە پاشا دینی ئیسلام هاتە ماڵت
محەممەد بو بە مێعماری خەیاڵت
ئەتۆی زێدی گەلێ پیاوانی گەورە
ئەتۆی مینگەی ئەمیر و میری دەورە
خەڵیفەی ئەستەموولی نوێنەری دین
کە دینی کردە گەپجاری گەپ و قین
خەیاڵی خاوی کەوتە نێو خەیاڵەو
بە ئەرکان و بە تۆپ و هێزی زاڵەو
بە هێرش هاتە سەر ئەم خاکە پاکە
کە دیلی کا ، هەمو ئەم خەڵکە چاکە
دڵۆڤانێ بە ناوی سەیفەدین خان
ئەمیری سەققز و جێی رێزی هەموان



له هۆزی ئەردەڵان و خێڵی شازت
له خێڵی خانەدانی سەرفەرازت
بەریگرتن به تەگبیر و به نێزه
مرۆڤی وا، به حەق بەرز و بەڕێزه
بەڵام ئەرکان به جەبر و حوقەبازی
به پیلان و دەسیسه و فێڵەبازی
به ناوی دین و ئایینی خوداوه
له پش پەردەی فڕ و فێڵ و ریاوه
لەداری دا ئەمیری مەزنی کوردان
غەمینی کرد ، جەحێڵ و پیر و وردان
ئەگەرچی دوای ئەوش سەرکوت کراوی
بەڵام سەقز! ئەتۆ هەر مای و ماوی
حەماسەی شێرەژن ، هی پاشەرۆکه
خەباتی گیانفیدایی سێ سەرۆکه
سەرۆکی سێ سەروکت هێند بەناوه
که سالاری به بەژنی ئەو بڕاوه
له بەستێن و له شانۆگەی هونەردا
لیباسی فەخری کوردانت لەبەردا
له ئاسمانی هونەر ناهیده بەرزه
له میرڕیخه و کەچی ناهیدی عەرزه
ئەوی دی نەخشی وەک دەستانی مانی
بەوەو بەنده ، هونەر مان و نەمانی
وتەی مەجدی ، که شاکاری کەلامه
گەلێ بەرزه ، دەقی شێعری کەلامه
برای زێزێ له نێو کوردا مەشوورن
نەشەی ژینن، قەوامی قامی شوورن
دەزانی شوێنەواری کاکی زاری ؟
گوڵستانه له وێژەی کوردەواری
چەنێ جوانن گوڵی شێعری خەمینت
ئەدیبی جوانه مەرگ و دڵحەزینت



له زانادا ، رەفیع و دەوڵەمەندی
وەها بەرزی وەکو کوێستانی لەندی
نبووغی شێخ حەسەن ، پیتۆڵی گەورە
گەلێ فەخرە لە بۆ زانستی دەورە
خەتی دەستی وەها تاق و سەلیسە
کە قوڕانی لە دنیادا ، نەفیسە
سەرەپیاوت هەمو روون و بزانن
دژی جەردە و چەتە و لات و دزانن
ژنانت خاوەنی دەرک و خەیاڵن
نموونەی کوردن و کانی کەماڵن
کوڕانت قارەمانی بێ نیشانن
لە رێی عیلما ئەکۆشن، بێوچانن
کچانی تۆ رچەی ژیلایە رێیان
لە جێی پەرچەم هەمو ئاڵایە پێیان
هەرێمی تۆ بە دیمەن وەک بەهەشتە
چیایە ، بەندەنە ، گوڵزارە، دەشتە
وەنەوشەت خێڵگەیە بۆ لۆ و وەنەوشە
بەهارانە لەبەر شینی وەنەوشە
هەوارگەی نەککەرزۆزت تەرز و بەرزە
لە بەرزیدا ، دەڵێی سەربانی عەرزە
کەلی خانت لە رۆژاوا چەقیوە
کەسێ شانۆی وەها شەنگی نەدیوە
ئەمە نەختێ لە ئەوسافی ئەتۆ بوون
ئْەوانەی بوون ، لە بیری من وەکو بوون
سەقز ئەی لانکی فەرهەنگ و مێژو
ئەرێ ئەی گەورەشاری سەردەمی زو
ئەوێستاکە وەکو پێشو نەماوی
بە یەکجاری وەپشتی گوێ خراوی
لە بەرچی خەڵکەکەت بێ بێکار و بارن؟
کز و دەستەنگن و رووت و هەژارن



زمانی ژینەوەر ئازادە پاکی
لە دەریایی و لە بۆشایی و لە خاکی
تەنانەت کوندەبووش کوندی ئەخوێنێ
فەقەت کوردە ئەبێ کوردی نەخوێنێ
ئەدیبیت پاکی ئاوارە و هەژارن
شپرزە و بێکەس و هەردی و پەژارن
خەڵاتی نووسەرت بەرهەم دڕینە
میداڵی هۆنەرت رۆزی بڕینە
گۆرانی و بەستە و لاژە و مەقامت
حەماسە و هۆرە و بەیت و کەلامت
دزیویانە ، دزانی چەشنی تاتلیس
لە تارانەو ، هەتا ئامێد و بتلیس
هونەرمەندت غەوارە و بێ پەنابە
رەفایل بێ ، کەساس و کەم بەهایە
ئەمە پاکی نەخۆشی دەردە کوردە
پەتایە ، هی زلە و منداڵ و وردە
لە جێیەک نا ، لە پێنج جێ هەر وەهایە
مرۆڤی کورد ، غەوارە و بێ بەهایە
لەبەرچی کاری خۆت پێناسپێرن؟
رەئیسی تۆ لە شارانەو ئەنێرن؟
لە نێو تۆدا ، مەگەر قەحتوڕڕیجالە؟
مەگەر چی کەمترە ، قالە لە نالە؟
لە مێژە پێی وتووین مامە پیرێ
"بەدەستی خەڵک بەتەنیا مارئەگیرێ"
وەرن چارەی بکەن ئدم دەردە پیسە
دەنا کارو هەموی ریس و گوریسە
پەرەی زانست عیلاجی دەردە کوردە
دەوایە و مەڵهەمی کوردانی گوردە
دەسا ، بێن و بخوێنن ، هەر بخوێنن
بە رۆژ و شەو وشەی زانست بچێنن



گەلی زیندو ، گەلێکە خوێندەوارە
لە تێکنیک و لە زانینا تەیارە
گەلێ ، کە باسەواد و باسروورە
لە دنیادا ، لە گش کۆسپێ بەدوورە
چەکی کاری رمی پێنووسە ئێستا
مەیانی شەڕ پەڕەی لێنووسە ئێستا
سروودی جەنگ گەشەی رێنووسە ئێستا
پەری زانست کچی ڤینووسە ئێستا
لە مەیدانی ژیانا بیر و تەگبیر
بڕشتی زیاترە ، تا شیر و تا تیر
دەسا رابن ، بە سۆرانی بخوێنن
بەرەی خەوتو لە خەوتن ، راپەرێنن

## پەیڤی زیندو :

رازگەلی هەرە مەزنی سروشت لەو خاڵانە دا نیە ،کە دەزانین نایان زانین ، بەڵکە لەو شتانە دایە ،کە نازانین نایان زانین.



## دوی ڕێبەندان

جەژنی ڕێبەندان ، بەنرخە بۆ گەل
ڕەوڕەوەی خەبات ، سەر ئەخا لەکەل
تیشکی تێگەین، لە دوندی شاهۆ
ڕووناک ئەکاتەو ، خاکی پاکی تۆ
هۆزی هۆگری هەتاوی هەستان
ئەبنە پەپوولەی شەمی کو ردستان
کوردی ئێزەدی و شیعە و موسایی
سوننی و کاکەیی ، گەور و عیسایی
بادینی و لوڕ و لەک و گۆرانی
داسنی و زازا و فەیلی و سۆرانی
کۆئەبن ، لە کن ئاڵای ڕزگاری
کوردانە ئەژین ، لە کوردەواری
شای بەزیوی کش ، پاکی ئەبن مات
ئەو ڕۆژە ، سۆران ئەگاتە ئاوات

## پەیڤی زیندو

**وتەی ڕاست وەک تیغی دەبان بڕایە .**



## وەستا حەکە ! خۆزگەم بە خۆت...

• وەستا حەکە ، ئەی دۆستی کاتی منداڵیم ،لفی دەورەی کرچ و کاڵیم ! وا بزانم لەبیرت دێ ، لە ئێران بوی ،تۆش خەڵکی شاری وێران بوی ، وەک دو منداڵ ، لەگەڵ یەکدا بوینە هاواڵ . بێ دەگەشە و گزە و دهۆ ، بوومە رەفیق من لەگەڵ تۆ ؟

• یەکێ کورد و یەکما جو بوین ، دەرد مان یەک و ، خۆمان دو بوین .

• لەبیرت دێ رۆژی باران ، کاتی بەفر و تەرزە و بۆران ، نەتدەوێرا بێیتە شەقام ؟ دەیانوت " جوولەکەی گڵاو "، کاتێ تەڕ بوی ،{ تۆ نەجیسی } ، ناخاوینی، تەڕ و پیسی ، ئەگەر بێتو لێمان کەوی ، دین و مینمان دەکەی نەوی ! ؟"

• لە بیرت دێ ، وەستا حەکە ! نازناوی تۆ هەر " جوی سەگ بو " ، کەسایەتیان ورد ئەکردی ، بەهانەیان پێ ئەگرتی ، وەک من لە ناویان ئەبردی ؟

• لە بیرت دێ وەستا حەکە ، خۆشەویستی دەورەی جوانیم ، ئەی هاواڵی گیانیگیانیم ، لە کۆڵان و شەقامی شار ، لێت کۆئەبوون هەزار ، هەزار ؛ خەڵکی هار و هەرزە و بێعار . دەیانکردی بەردەبارن ، بەرد ئەباری وەکو باران ، غەرق و شەلاڵی خوێن دەبوی ، سێرەی هەزاران جوێن دەبوی .

• وەستا حەکە ، ئەی جوولەکەی زانای هەژار، ئەی تێکۆشەر ، ئەی سەنعەتگەر ، ئەی پسپۆڕی هەزارن کار ، تۆ کە رۆیی بەرەو زێدت ، گەیشتیە کابەی هومێدت ، خوت رزگار کرد لە جەور و غەم ، چویتە مەڵبەندی ئازادی ، لەکۆشت گرت پەری شادی. !



• وەستا حەکە ! ،من سوێند ئەخۆم بە کێوی توور ، بە شالۆم و بە بزەی نوور ،سوێند بە ئەزمەر، سۆێند بە شاهۆ ، سوێند بە بەهەشتی من و تۆ ، کورد م خراپترم لە جو، تێم دەڕوانن چەشنی ئێوە - وەک کاتی زو ، وەک کاتی زو ، وەک کاتی زو ... وەستا حەکە !خۆزگەم بە خۆت.

**جا،بۆیە دەڵێم:**

تاکو چارەی خۆ نەنووسم ، ماڵێ سەربەستم نەبێ
باسی ئەنفال و حەڵەبجە و حەبس و هەڵواسین ئەکەم
بەینی بەستووین وەکو سەد ، تیغی دیواری سنوور
ئارەزوی رووخان ی تیغەی دوو هەمی بێڕلین ئەکەم
چونکە ئەجدادم لە خەودا، ژینی خۆیان بردە سەر
حەسرەتی بەیداغی کورد وپەرچەمی رەنگین ئەکەم

# پەیڤی زیندو

**بۆ سەلماندنی هەر درۆیەک ، دەبێ چەند درۆی دیکەش بکەین !.**



## ئاڵای رزگاری:

ئاڵای رزگاری دروشمه بۆ گەل
رەورەوەی خەبات سەر ئەخا لەگەل

تیشکی تێگەین لە دوندی شاهۆ
رووناک ئەکاتەو ، شەوی تاڵی تۆ

هۆزی هۆگری هەتاوی هەستان
ئەبنە پەپوولەی شەمی کوردستان

کوردی ئێزەدی وشیعە و مووسایی
سوننی و کاکەیی ،گەور و عیسایی

بادینی و لوڕ و لەک و سۆرانی
داسنی و زازا و فەیلی و گۆرانی

کۆئەبن لەبن ئاڵای رزگاری
گوردانە ئەژین ، لە کوردەواری

شای بەزیوی کش ، پاکی ئەبن مات
ئەو کاتە سۆران ، ئەگاتە ئاوات



# پەیڤی زیندو

**ژیان بریەتیە لە هێندێک بیر و بڕوا و خدە ،کە لە مێشکی ئێمە دان .**

# هاواڵی قەڵب

هاواڵی وا هەس وەک زێڕی قەڵبە
بە دیمەن ڕێکە، بە بیچم دەڵبە
گەر دەسی کەوێ کار و فرمانێ
هەر گەییە پشت مێز، ناوت نازانێ

**پەیڤی زیندو**

**کوڕ داری بووزە ، ڕەق و بێ بەرە ، کچ داری ڕەزە ، نەرم و بە سەمەر .**



## دەردە کورد - تابلۆ مووزیکاڵ:

نەخۆشی دنیا گەلێکن ، هی هەر نەتەوە و گەلێکن،ناوی هێندێکیان ئەمانەن، کە دەردی سەختی زەمانەن: گرانەتێ و شەپڵە و هاری، شێرپەنجە و گولی و فێداری، تاعوون و سیل و لاڕەشە ، هەزار پەتای دیکەش هەشە ، کە ناسراوی پزیشکانن، زۆریان دڕن و بێ دەرمانن ، بڕێکیش سووک و ئاسانن ، بەڵام دەردێک نەناسراوە، نە لە کتێباندا نووسراوە و نە ئاماژەی پێکراوە،کە ناوی ئەو دەردە کوردە ، دەردی هۆزی کاوەی گوردە ، دەردی لاو و پیر و وردە ، نەک لە جێیەک ،لە پێنج جێیە ، لە چوار گۆشەی ئەم مەڵبەندە، هەر جێ دەردی خۆی بە جوێیە!

ئەم وڵاتی کوردستانە،بەهەشتێکی گەورە و پانە، پانی پێنج هێندەی لوبنانە،زێدی مرۆڤی چازانە، بەرجەوەندی جۆراوجۆرە ، تایبەتمەندی زیاد و زۆرە : لێڕەوارە کێڵگە و هەردە ، بۆ زەنوێری و تەرزی فەردە ،زەردە ، بەردە ، قەڵای مەردە ، بەڵام مینگەی غەم و دەرد و ئاخی سەردە.

هەرێمێکی زۆر عەجیبە،شانۆی دەگەشەو فەریبە ، خەڵووز سپی ، بەفر رەشە،جەمعی دو لەگەڵ دو شەشە، گەلاوێژ سیس ودامردو ، قالۆنچە چاوانی گەشە،زۆر شت هەیە بەڵام نیە، کەم شت نیە ، کەچی هەشە ، لە قوم گوم بێ گوێرەکەیەک،ئەو رۆژە عازیەتی مەشە!

ئەم وڵاتە چاکە پاکە ، ئەم خەزێنەی خاکە تاکە ، پێشینەی روون و رووناکە ، لە سەری چەن داعبای دڕن ، خەریک کێشەو مشت و مڕن،دۆست و دوژمن هەڵئەدڕن ،زۆرداری دژی قەباڵە، مەنتیق لەلای ئەو بە تاڵە ، دوژمنی قانوونی ژینە ، کەنگێ گوێی لە خاوەنماڵە!



لە ولاتی من - لە قەڵاتی خەباتی من ، حەق ناحەقە ، نا حەق حەقە ، یا سا لارە ، تەقەو لەقە ، جێگەی لەقە و تەقە و شەقە ،خەڵک دیلن ، وا زەلیلن ، یەخسیری دیلی زنجیرن.

لەم کێوانە، گورگ  شوانە،پارێزەری رەوە و رانە،پەری پیسە،درنج جوانە،تیغەڵە کول لەمەیدانە،شیری ژیان لە کالانە،شێری ژیان لە نێو لانە ، وەستا ژێر دەستی شاگردە ، کەسایەتی وا شکاوە ، ورد و پردە.

لە دیاری من جاشان باشن ، باشیش جاشن ، هەر چی جاشە ،دەم هەراشە ، ئەوەش باشە تەڕەماشە ، تەرد کراوە ، دەربەدەرە ، پڕ کەسەرە ، یا لە کێوە و جێی ئەشکەوت و چۆڵ و تاشە.

لەم ولاتە ، نامەرد مەردە ، مەرد نامەردە ، پیاوی ئەمین وەها تەردە ، چەۆساوەیە وەکو بەردە، دۆزینەوەی هەرداوهەردە ، سەرۆکی مەن دز و جەردە، ئەوەی مەردە ، بەشی جەورە ، چارەنووسی کێشەو دەردە.

هەر کەس ئەدیب و زانایە ، تۆپەوانە لە دەمیایە ، بە عاستەمیش دەنگی نایە ، ماموەستای ساختەگیش زۆرن،بەڵام زوربەی پیاوی بۆرن ،هێندێ منداڵی خۆخۆرن ، بڕێک چرچ و زۆر نەخۆرن، هێندێ مۆڕ و  بێ هونەر و لەندەهۆرن.

دڵسۆز  دوژمن بە میللەتە ،سیخوڕ خاوەنی عیززەتە ، داشدای مەن چەتە و مەتە ، ئەوەی  زیتە و بلیمەتە ، خراوەتە ژێر سەوەتە ، نابیغەش بێ تەرد و رەتە یا بەشی سێدارە و پەتە ، حاڵی زارە ، ژینی ژارە ،  ژاری  مارە.

لەم ولاتی رۆژهەڵاتە زمان هەیە ، زمانی کۆنی ئەم گەلەیە ، هێندە کۆنە کەس نازانێ هینی کەیە ، بەڵام حەبس و قەدەغەیە ، کۆتر و کەو باشترن لەو ، ئەزانی بۆ ؟ - پاکی ئەدوێن بە زمانی خۆ ، ئازادترن ، لە هەزاری وەک من و تۆ.



لەم محاڵە ، ژین محاڵە ، قوڕ و قەپی قەڕن و ساڵە ، زاڵم زلە ، زوڵم زاڵە ، خەڵک جوڕڕەن ، ئەویش داڵە ، زمان تورموز ، قەڵەم لە بەند ، سانسۆر ئەکەن ملقوتی رەند.

لەم مەڵبەندە گزە باوە ،مەکۆی جەردە و چاووڕاوە ، پیاوی دروست لێی قەوماوە ، ناوی پیاوچاکان ئەزڕێنن،ریشەی شەرافەت دەردێنن،شووشەی کەڕامەت ئەشکێنن ، بە پێچەوانە ئەنووسن ، شێعری ژاپۆنی ئەخوێنن.

ولاتی من پڕ سنوورە ، سەرحەدداتی جووراوجوورە،یەک نزیک و چواری دوورە ، چ لەملاوە ، چ لەولاوە ، داگیرکەر مەرزی داناوە ، بە گۆترە خەتتی کێشاوە ، دو لای سنوور هەردو یەکن ، هەر خاکێکن ، لە گشت بابەتێکەو تەکن.

لەم ولاتە کوردان زۆرن ،چل ملیۆنن ، جۆربەجۆرن، رەشن ، کاڵن ، مۆرن ، بۆرن ، گا ئێرانی بێ وەجاخن ،فارسن ، تورکن ، تورکی شاخن ، لە هێندێ جێگەش عەرەبن ، خوللەس قوڕەیشی نەسەبن ، مەرزداری داوتەڵەبن ، یەکجار سەیرە ، هەم فارس بی و هەم سامیش بی ، گا ئەرمەنی و تورک و کوردی هەوراميش بی.

لە وڵاتی من میوان خێوە ، خیو دزیوە ، لە کن میوان داعبای کێوە ، خانەخوێکە بێگانەیە ، ئامانجی تیری تانەیە ، عەجایەبی زەمانەیە ، راستیەکی ئەفسانەیە ، ئێمە پاکمان کەڵەشێرین، هەر چەند کەڵین، هەر چەند شێرین ، بە خۆخۆری یەکجار فێرین ، سەقەت بە یەکتر ئەوێرین ،بۆ تەرازو وەک پارسەنگین، هەر کات ویستیان پیاوی جەنگین ، وەختێ وتیان وست و مەنگین، بە پێی زەمان وا ئەگۆڕێین ، هەزار رەنگین.

لە وڵاتی من گریان باوە ،ئەوەش لاوە و باوکی ماوە و کۆسپێکیش لەو نەقەوماوە ، دایم خەریک زاری و قاوە ، فرمێسکی چاو بە لێشاوە ، بزەی سەر لێوان فەوتاوە ، بەزەی نێو دڵان سووتاوە ، خەڵک مۆن و لەڕ و شینن ، سیپاڵ رەشن ، خەریک شینن ، دایم غەرقی خۆ کوشتن و سنگ کوتینن.



لەم هەرێمە پیاو قاتیە ، ئەڵێن تاقە پیاوێک نیە ، ئەگەر بشبێ سەهیونیستە یا سیخوڕە یا کافرە و دینی شڕە ، یا شەڵواری پیسە و دڕە ،قەحتوڕڕیجالە لەم نێوە ، خەڵکی پاکی جنن و منن و خێو و دێوە.

هەمو دینێ جێگەی ڕێزە ، کوانێ ڕێگەی قێز و بێزە ، دینی ئێمە لایان دێزە ، بە دەگەشەو تێزەی نێزە ، هەوڵ ئەدەن بیفەوتێنن ،مێشکی هەمو بشۆنەوە و گشتیان لە دین وەرچەرخێنن.

لەم مەڵبەندە جوانی نەنگە ـ قافیە تەنگە ـ ئەوەی مەنگە و شۆخەو شەنگە ، بەشی جزیە و زەبر و زەنگە ، باری سەنگە ، کاری لەنگە، ئەوەش وا دژوێن و پیسە، ریشی وەک هینی ئیبلیسە ، "حاجاغایە " یا رەئیسە، سەردەستەی دەستەی دزانە ، وەک خۆرەیە ،دژی کزان و بزانە.

لەم هەرێمە بوختان زۆرە ، قسەی سەیر جۆربەجۆرە ، میللەتی من شەڕفرۆشن !تێ ئەکۆشن ، ئاوردێنن، ئەیگیرسێنن، ئەچن لە بەغدا و ئانکاڕا ماڵی خەڵک ئەسووتێنن، سەران ئەبڕن !، ئەخنکێنن، گازی خەردەل ئەپژێنن، لە سامەڕڕا و بەم و ئیزمیر، سەرباز ئەگرن ، ئەنفال ئەکەن ،داگیر ئەکەن یا حەشیمەت ئەتارێنن.

لە دنیادا هونەر بەرزە ، جێگەی ڕێزی خەڵکی عەرزە ، هەر چەند لێرەش فراوانە ،بەڵام گوناح و تاوانە ، دوژمنی کیژ و لاوانە ، مەکرۆهە بەستە و گۆرانی، چ بادینی ، چ گۆرانی ، چ سۆرانی ، لێرە هونەر ئەهریمەنە ، نەگبەتیە و لۆمە و پەنە ، گۆرانی ئێمە نگریسە، دزراوی دەستی تاتلیسە،هەر چەندە خەڵکی بتلیسە ـ چەتەیەکی خۆماڵیە ، دزێکێ پیس و خەبیسە.

لەوڵاتی من دز ئازادە ، ئەوەی چەوتە کەیفی شادە ، پیاوی دروست نامرادە ، بەرتیل ئەخۆن وەکو بادە ، زیندان جێی عیسانی چاکە ، شەرەف پیسە ، پیسی پاکە ، جێگەی خەڵک وا گۆڕراوە ، پاکی و پیسی تێکەڵاوە.



لەم هەرێمە کە مەڵبەندی شەهیدانە، شەهیدی ئێمە شەیتانە ، قاتڵ جێگەی ڕێز لێنانە ، ئەوەی ریشی گەزێ پانە ، بە ناو ئەڵێن موسوڵمانە ، کە چی دوژمنی عیسانە ، فاچەڵفیچە ، قسەی قۆڕ و پووچ و هیچە

لەم دیارە ریش حاکمە ، ئەوەی لە نێو ریشا قومە یا کاشیە و خەڵکی قومە ، وەکو دیزە ،دەست لە کەمەر لە پشت میزە ، رەش و حیزە ، قوڵتەشەیە و زۆر بە فیزە ،شەو خەوی خۆی ئەرەوێنێ ، بە هۆی بەردە پێی قەزوێنێ ، نێو چاوانی ئەشەمزێنێ یا ئیستیکانی لێ ئەگرێ و ئەیژاکێنێ ، تا وەکو زاهید بنوێنێ ، بە دەستی خۆی روی رەش ئەکا ، خۆی ئشقەڕ وعەبرەش ئەکا .
تێبینی: ئەم نووسراوە شتێکی گشتیە، سەبارەت بە هەر پێج پارچەکەی کوردستان ، (بێجگە لە باشوور ) و مەبەست لە هیچ کەس ، لایەن ، حیزب یا تاقمێکی تایبەت نیە . ئەوەش دەزانین ، کە لە هەمو جێگەیەک مرۆڤی چاکیش هەیە و ناچاکیش .



## : پەیڤی زیندو

ئەو شتانەی لە ژێر تیغی خەنجێری لە ترسان و لە برسان دا دەنووسرێن و دەوترێن ، وەک پەڕۆی کۆنە ، بێ بایەخن .

## پێشکەش بە کوردە پەڕەوازەکان

هاوخوێنەکان ،ئاوارەکان
پەڕەوازەی دیارەکان
دەوڵەمەندە هەژارەکان
دڕوی مێشکی نەیارەکان
باز کە فڕی لە هێلانە
لانە ئەبێتە وێرانە



فریشته جن   رەوێنەکەان
بەیانە شەو    بە زێنەکان
پسپۆرە زانست   هێنە کان
ئیلهامە هەست بزوێنەکان
باز  کە فڕی  لە  هێلانە
قەل ئەیکاتە     گرتوخانە

مێشک روونم،جوامێری گەل
قسە یەکم ،   بوێری گەل
چەقەڵبەزێنی  شێری  گەل!
دوروشمی{بەرخی نێر}ی گەل{1}
قارەمانی ئەشکەوت  و  غار
یەکتان ئەکەن قسەی هەزار

ئەی      بوێرە      دلپاکەکەم
وڵات  زۆرە بێ   خاکەکەم
بە ئەزموونە  بێ    باکەکەم
دڵناسکە     پیاو     چاکەکەم
کۆنە خەڵکی ئەشکەوت و غار
یەکتان ئەکەن قسەی    هەزار

بێنەو  بۆ جێگەی    خاڵیتان
جێی ژینی کرچی و    کاڵیتان
کابەی  کایەی         منداڵیتان
جێ ژوانی  وردە     ساڵیتان
بازکە تەرکی  کرد      هێلانە
قەل تێیا ئەکا چینە و    دانە



بەخێر بێنەو بۆ ماڵی خۆ
ماڵی بەتاڵ و خاڵی خۆ
بۆبادینان ،ناوچەی گۆران
بۆ شارەزوور،بۆموکوریان
بۆ لای لەک و لوڕوسۆران
بۆگش مەڵبەندی کوردستان.

سۆران چاوی لە رێتانە!
دڵ پایەنازی پێتانە. ( ئەم هۆنراوەیە زۆر بەر باشوور ناکەوێ ).

{1}بەرخی نێر بۆ سەربڕینە ، نەک لە بۆ دۆشین و ران!

**پەیڤی زیندو**

کاتێک کەرەسەی بدوێنی زمان وزەی ئەوەی نەما هەستی دەروونی مرۆڤ بە تەواوی دەربڕێ ، پەنا دەباتە بەر ئامرازی روانینی پڕواتای چاو



## IN THE NAME OF PEACEFUL COEXISTENCE :

*KURDISH REFUGEE GIRL:*



Composed by H. S. Soran .

***Embracing the phantom of gentle perceptions,***
***Her heart is knitting the silky dreams,***
***Defenseless against rebellious nature ,***
***In chilling Jack Frost ,and hot sun beams .***



I present above poem , to Kurdish children at all refugee camps all over the world . Soran .



## پەیڤی زیندو :

کاتێ بە درۆ و دەلەسە گوڵ بکرێتە دڕو ،خەڵکی سەرلێشێواو ،لە بەر ناعیلاجی ، لە باتی گوڵ ، دڕو گوڵچین دەکەن !!! .

## هیڕۆینی و تریاکی (توانج)

(لە زمانی دەروێش هەیاسەوە )

خوێنەری دڵسۆز ! لەم بارودۆخەدا ، کە ئیعتیاد رۆژهەڵاتی گرتوە ، ئەگەر دەکرێ ، دە نوسخە لەم هۆنراوەیە بڵاو بکەرەوە ، بەشکو ببیتە دەرمانێک بۆ ئەم درمە پڕمەنرسیە .

ئەمن دەروێش هەیاسم
بەهەست و بە ئیحساسم
چاک و خراپ ئەناسم
دژی عیسانی کاسم
لاگری خولقی خاسم



ئەم وتانە ببیسە
مەڵێ ریس گورسە
موعتادی خویە پیسە
یەقین کاری ئیبلیسە
ژینت ئەچێ لە کیسە

هیرۆینی و حەشیشی
بەنگی وگەردی وقەمیشی
بەتاڵە کار و ئیشی
هەرکەس خەریکی هینە
هین و مینی برینە

سەرنج بدە تریاکی
شەمزاوە سیپەلاکی
ئەڵێی جرجە کەلاکی
بشکێنە حوققە و ماشە
ژیانی سادە باشە

نم نم ئەڕوا بە پەلە
دنیا لای قوڕ و زەلە
رەوتی وەک رەوتی قەلە
قنە ئەکا چەشنی کێچ
ئەبڕی رێگە بە مارپێچ

پووکی رەشە وەکو خام
چاوی قووڵە وەکو جام
قەدی کووڕە وەکو لام
ئەڵێی کۆنە فیرعەونە
موومیاییە بەم لەونە

بە عەینی پوورە جەوە
چاوی حۆل و لە خەوە



شەوی رۆژ،رۆژی شەوە
ملی دائە چەمێنێ
ئەڵێی زوڕنا ئەژێنێ

کە مژ ئەدا لە سیغار
دووکەڵ ئەکا بە خەڵوار
دەس ئەکا بە پشم و غار
لووتی وەک دووکەڵکێشە
گەروی سەرپاکی رێشە

ژینی جەفەنگ و جۆکە
بۆ جۆک وتن زۆر کۆکە
باوێشک و پشمە و کۆکە
دەوری ئەدەن بە جارێ
زووخاوی دێنە خوارێ

پیتی سینی وەک شینە
لێوی بەبار و شینە
کاری ماتەم و شینە
بێ کەیف و بێ دەماغە
دنیا بۆ ئەو باتڵاغە

وەختێ وانێکی نەما
غەرق ئەبێ لە تەما
چاوی ئەنوێ لە غەما
چون کەڵەبای لاری
تۆڕە چاوی خوماری

لەشی چڵک و دژوێنە
پیس و خۆهەڵکڕێنە
مەعدەنی بێن و مێنە



دژی سابوون و ئاوە
ئەڵێی لە قوڕ خراوە

رووخساری چەشنی بۆقە
چاوی کانی ریبۆقە
لە ترسی دێیتە لۆقە
گوێی کوڵکنە و ملی شل
دایم ئەکا قسەی زل

قەول و مەرجی بەتاڵە
درۆ بەسەریا زاڵە
قسەی گەپ و فیشاڵە
نزیکی ترس و خۆفە
هەرچی ئەڵێ بلوفە

ڕووناخۆش و نەمرچە
نێو چاوی مۆڕ و چرچە
دیمەنی چەشنی ورچە
دەستەوئەژنۆ ئەڕوانێ
وەک عەمتەری نستانێ

کاتێ مەنگ و خومارە
دنیا لەسەری بارە
ژینی وەک ژاری مارە
وەختێ مەیلی لە چەسپە
باوێشکی چەشنی ئەسپە

بێ شوغڵ و ئیش و کارە
بۆ کۆمەڵی سەربارە
هەرچی ئەخوا خەسارە
چەشنی کارگی جەنگەڵە
بۆ کۆمەڵی ئەنگەڵە



به قەولی پوورە مێشێ
هەرکەسێ هێن ئەکێشێ
ئازای ئەندامی بێشێ
سۆران نەچی بەکنیا
غەرق ئەبی لە بنیا

وەڵام بۆ دەروێش هەیاس:
هەیاسە! لە دیواخان چ باسە؟

## پەیڤی زیندو

**زمان گەلی جۆربەجۆر،زۆر توفیریان لەگەڵ یەک دا نیە،چون هەمویان بە هۆی زمانی نێو دەم دەردەبڕرێن ، نەک ئەندامێکی جیاوازی دی .**



# پێنجاندن (یەخمیس) ی هۆنراوەی (لەبەندیخانە)ی ماموەستا قانع

(هۆنەر: ح.س.سۆران )

کوردەواری شەمعی جەمعە و شاعیرش پەروانەیە
سووتنی پەروانە رێگەی عاشقی جانانەیە
کارەساتی مەردی هەردە، نەک بڵێی ئەفسانەیە
ئاخرین ماڵی ژیانم، کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە ،مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە

نوێژی من زیکری وڵاتە ، رۆژ شەو تەگبیر ئەکەم
پیتی رزگاری بە کوردی راڤە و تەفسیر ئەکەم
باسی خەڵکی گیری کۆت و بەندی و یەخسیر ئەکەم
زۆر دەمێکە چاوەروانی زڕزڕەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن ، وەک زیوەری شاهانەیە

داری ئازادی بە هێزی یەکیەتی خەملیو ئەبێ
هەرچلێ پەیوەست نەبێ و دەروەست نەبێ با هەرنەبێ
ئەو دەمە گەل بێغەمە ، کە هۆزی دڵسۆزی هەبێ
بووکی ئازادیم ئەوێ، خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێ
عەڵقە عەڵەی پێوەنەم بۆ پڵپڵە و لەرزانەیە

گەر بە ژیری تێبکۆشم ، رۆژێ حەتمەن زاڵ ئەبم
خاوەنی لیژنە و تەلار و کۆر و هۆدە و ماڵ ئەبم
سەرفەرازی زێد و خزم و هاوەڵ و هاوماڵ ئەبم
گەر چی دوژمن وائەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
با بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە



پیاوی زانا تا بگیرێ ،ژیر و لێزانتر ئەبێ
هەستی سەربەستی و مەبەست گەشتر و جوانتر ئەبێ
کاری سەرکەوتن لە ئاسۆ سووک و ئاسانتر ئەبێ
بیری ئازادیم لە زیندانا ، فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

وەسیەتێکە بۆ تەواوی قەومی کوردی بەشخوراو
هەر بخوێنن ، بیر بچێنن ، پیر و گەنج وکیژ و لاو
سەنعەت و زانست گرنگە ، با فڕێدەین چاوو ڕاو
ئەسڵەحەی شۆڕش ، لە دەسما هێزی زانینە و پەڕاو
راپەڕینت خوێندنە ، پڕ جوربوزەی کوردانەیە

بەرگری ڕێبازی مەنتیق پیشەیی شەددادیە
حەبسی عەقڵ و بیر و باوەڕ مەزهەری بێدادیە
گەرچی بێدادی بە زاهیر خۆرەیی دڵشادیە
گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادیە
تۆپ و شەستیر و کەلەبچەم لا وەکو ئەفسانەیە

هەستی شاعیر بێ محابا ،یەکبەخۆ هاوار ئەکا
دەمکوتی فەوتانی ماف و کردەوەی نابار ئەکا
بەرهەڵستی زوڵم و زۆر و زاڵمی بەدکار ئەکا
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ رزگار ئەکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە ، کردەوەی شێرانەیە

خاوەنی دنیایە خاکم ، بووم و ئەبم و هەر هەشم
چەرخی مێژو هەڵ ئەواسم ، تا بەدەست دێنم کەشم
واریسی شاری خەباتم، هەر ئەسێنم ئەز بەشم
گەر بە ئازادی نەژیم، مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن، کاری نامەردانەیە



با بزانن چی ئەڵێم و خەڵکی کوێم و ئێستە چیم
کوردم و ئەکتۆری مێژژوی کۆنترین شانۆی زەویم
شاعیرێکی گەلپەرەست, عاملی بێگانە نیم
قانعم ئێستا لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم
سەد هەزار لەعنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە



## پەیڤی زیندو

جاش پاش ئەوەی زل بێ ، دەبێتە کەرە !!!

## بەرەو نەورۆز

جەژنی کوردانە، بەرەو نەورۆزە
یادی مێژویی سەرکەوتی هۆزە
کاوەی ئاسنگەر بە کوتکی بەهار
دەردێنێ ریشەی زستانی لاسار
بەرەو نەورۆزە, بەهار دێتەوە
هەوا ئەگۆڕێ ، بەفر ئەتوێتەوە

هەتاوی نەورۆز تەم ئەتارێنێ
پڕشەی گزنگی دائەبارێنێ
بەهار نزیکە، ئاسۆ رووناکە
دەست بگرن بە گەڵ ، یەک کەون چاکە
بەرەو نەورۆزە ، هەزارەی سێیە
دڵنیام مافی کوردیشی پێیە



شنەی دەم بەیان, دڵ ئەلاوێنێ
مزگێنی پێیە ، پڕ بە داوێنێ
بێنی وەنەوشە،زەوی مەست ئەكا
خەفەت لا ئەبا ، گەل سەربەست ئەكا
بەرەو نەورۆزە, هەرچی عیسانە
جیاوازی نیە ، پاكی یەكسانە

كوردی داسنی و شیعە و مووسایی
سوننی وئەهلی حەق،گەورو عیسایی
دەستی یەک ئەگرن،لە كۆڕی شادی
ئەیكەن بە مەشعەل، چرای ئازادی
ئەیبەن بۆ دوندی سەربەرزی شاهۆ
چراخان ئەكەن ، خاكی پاكی تۆ

دیسانەوە سروشت وا ئەژیێتەوە
هەور ئەگرمێنێ ، باران دێتەوە
سێڵاو هەڵ ئەستێ ، لافاوی بەسام
لە شار و لە دێ ،لە چۆڵ و شەقام
زەوی ئەماڵێ، بەو هێزە بەرزە
ئەیبا بۆ دەریا, گژوگیای هەرزە

لە جێی كەركۆڵی كۆنی چەند ساڵە
گەزیزە ئەڕوێ ، لەم كوردە ماڵە
هێرۆ و شلێرە و پۆلی گوڵەباخ
ئەبن بە تارای،بووكی كێو و شاخ
قومری لە سەربان، مەقام ئەخوێنێ
كوندەبوی خەوتو، رائەپەڕێنێ



له جێی حەبیبەی نالی خاک وخۆڵ
کیژانی (زانا) هەڵ ئەماڵن قۆڵ
گووەند ئەگێڕن ، فریشتەی زانین
گۆرانی ئەڵێن, سروودی ئەوین
بانگی رزگاری ئەخوێنن لێره
چەپڵە لێ ئەدەن, مانگ و ئەستێره

ئاپۆی چکۆلەی،رانک وچۆغە مۆر
له رۆژی نوێدا،چەشنی تیشکی خۆر
شەوی نەزانین ، ئەکەنەو رووناک
چەوتی ئەکوژن،بە هۆی هەستی پاک
له خەو هەستاوین ، بەرەو نەورۆزە
شەختە کەنەفتە ، سروە پیرۆزە

گوڵاڵەی سووری ئەم خاکە پانە
پەرچەم هەڵ ئەدا لەم کوردستانە
له ژێر ئاڵایا، پەپوولەی هەژار
داوەت ئەگێڕن ، ملیۆن و هەزار
بەرەو نەورۆزە،شایی و سەیرانە
لە کۆلی ئەدەن خێڵی پەروانە

بەهار نزیکە ، ئاسۆ رووناکە
دەس بگرن بەگەل،یەک کەون چاکە
شنەی دەم بەیان ، دڵ ئەلاوێنێ
مزگێنی پێیە پڕ بە داوێنێ
ئەڵێ نەورۆزە، هەزارەی سێیە
دڵنیام مافی کوردیشی پێیە



# پەیڤی زیندو

**درۆ وەک تراویلکە وایە ، تا بچیتە پێشەوە، پتر لێت دەردەکەوێ کە بۆشە .**

## ژین :

گەر بە ژیری تێی بنۆڕی، تەختەیی سەر ئاوە ژین
تەختە نەردێکە نەکردو، هەر هەوەڵ دۆڕاوە ژین

دەوری لاوی وا ئەزانی ناخودای ئەم بەحرە تۆی
بێخەبەر لەو کەین وبەینەی ، قەڵپەزەی لافاوە ژین

بە منالّی بەرجەوەندی دەرکی باغێ کەسکە ئەو
کاتی پیری خەستەخانەی رێڕەوی شەمزاوە ژین

دانەدانەی پردەبازی روی لە شاری مردنە
دانەیەک گەر دانراوە ، پشتی دانە - داوە ژین

بەر لەوەی بێی ، ئەم جیهانە هەر وەکو ئێستابوە
پاشی کۆچیشت ، دەمێنێ و رایەڵەی نەپساوە ژین

مردن و دواکۆچی خەڵکت ،لا جەفەنگ و گاڵتەیە
پیاو کوژێکی بێ تفەنگی خێڵی پیر و لاوە ژین

هاتنت کەی دەستی خۆت بو ، رۆینت کوا دەستتە ؟
هێڵی نێوانی دو نوختەس ، بێ ئەتۆ کێشراوە ژین

ژین درێژی نەگبەتیکە ، هیچ و بێ سوود و بەتاڵ
پانیی و بەرزی گرنگە ، بەو مرۆڤ خۆشناوە ژین



**پەیڤی زیندو**

کاتی بیر کردنەوە ، بە نرخترین قۆناغی تەمەنە .

## کەوا نان بخۆ !

رۆژێ لە دیوان یاران جەم بوون
هەمو ،هاو دڵ و هاوعومرو دەم بوون
لە ماڵی فیکرا غەرق ئەبوون کاتێ
بە گاڵتە و گەپەو ئەدوان سەعاتێ
لە پڕ ، کە دەرگە ژەنرا و کراوە
پیاوێ هاتە ژوور سڵاویان داوە
سەروپۆرتکی رازاوە و قۆز بو
بەرانبەر عاسمان بەرزە لمۆز بو
سۆرانی زلەی وەک لێفەی جەجاڵ
مێزەری سەری چون هێلانەی داڵ
پۆشابوی کەوای تاقەی باقەی رێز
ئاخێزیان بۆ کرد ، بە تەمکین و رێز
دەنگیان دا دەنگ یەک خوڵکیان کرد هەمو:
"ئاغا! دانیشە ، ئەفەندم فەرمو"
بردیان ، دایان نا لە سەروی هۆدە
رژا بەر دەمی خوارن بە لۆدە
دیوان و خوڵک و ماریفەت وریز
پێیان دا چ زۆر، وەک خاوەن شەودێز
هەر لەم کاتە دا دیسان هاتە ناو
پیاوێکی رووتەڵ ، کەوا هەڵ دڕاو
مەشکاڵە پێڵاو ، جامانە دڕاو
پاتۆڵی شیتاڵ ، بە بەن هەڵ دووراو



سڵاوێکی کرد بە عەقڵ و تەمکین
وتەی وەک گەوهەر ، راوێژی شیرین
نەکەس خوڵکی کرد ، نە رویان پێ دا
ناعیلاج دانیشت لە چەقی دەرگا
کەمێ پاشخوان و نانە رەقی کۆن
نایەنە بەری بە ناو چاوی مۆن
خەڵکی دیواخان ، لەگەڵ بۆشناغ
رۆ خۆش و شاد بوون ، بە کەیف و دەماغ
دەرحەق کەوا کۆن روگرژ وتاڵ بوون
هەروەک خوێنە خۆیی ، چەند چەرخ و ساڵ بوون
چوومە بناوان ، مەبەست حاڵی بم
شارەزای گەرمی و گرژی و تاڵی بم
بۆ من دەرکەوت ، هی جل و بەرگە
لە کۆمەڵ نەدار ژیانی مەرگە
ئەینا ئەو کەسەی کەوای تاقە بو
لە بەر نەزانی بەلەباقەی بو
سەرە شینێکی لە سنگدا نەبو
شەرابی فامی لە تونگدا نەبو
لە دایک ببو بە دەوڵەمەندی
دابویە بەری ئەبلەیی و رەندی
پیاوی کەوا کۆن زۆر زانا و ورد بو
لە مەتەرێزیش بە دەست و برد بو
خاوەن شەرەف و پاک و بێ غەش بو
لە لاری و چەوتی ، بێبەش بێبەش بو
بە بێ پارەیی هاتبوە دنیا
لە بەر کەسبی عیلم ، پووڵی خڕ نەدا
جا ، لەبەر ئەمە "کەوا نان بخۆ "
بو بە مەسیلەی ئێستەی من و تۆ
سۆران! تۆ هیچ کات لە جل مەپرسە
زانست و بیر و شەرەف مەبەستە

لە ساڵی 1341 ی هەتاوی دا نووسراە و لە ساڵی 1345 دا ، لە دیوانی سۆران دا چاپ و بڵاو بوەتەوە .



## پەیڤی زیندو

**با لە خەوتنی زۆر پارێز بکەین ،چون لە پاش مەرگ،کاتێکی یەکجار زۆرمان بۆ خەوێکی بێ بڕانەوە هەیە .**

## بۆ ژینۆ !

ژینۆی ساوا،پەری چووکم !
نەرمونیان چەشنی بووکم !

کیژە کوردی نەشمیلانە !
دەس خرپنەی چاو کەڵانە !

دەست وپێت گیرۆدەی کۆتە
داوێنت دوژمنی خۆتە

زیندانی چارشێوی رەشی
موئەننەس و نیوە بەشی

تۆ زەعیفەی قارمانی
کەرەسەی کایەی پیاوانی

لەندەهۆرێ چوارت دێنێ
قەڵای ژینت ئەڕووخێنێ



چون ئافرەتی بارت لارە
هەرچی بڵێی دەڵێن عارە

بەوەش کوردی تاوانباری
جێی دەگەشە و قین و قاری

قەسەم بەوەی ترسی لانا
بە دەستبەندی لەیلا زانا

تۆ شێعری نەنووسراومی
گۆرانی نەوتراومی

فرمێسکی نەڕێژراومی
ئامانجی نەپێکراومی

پێنووسی شکاوی منی
زمانی بڕاوی منی

تۆش گەورە بوی دیلی کۆتی
لەیلا زانای کاتی خۆتی

## پەیڤی زیندو

**تا منداڵە کانتان چکۆلەن ، لەسەر باوەشتانیان دابنێن ، چون کاتێک کەچەڵە بوون ، پەڕەوازە دەبن و بە تەقەی تفەنگیش توخنتان ناکەون .**



# پەیڤی زیندو :

تێبینی : ئەم وتانەی خوارەوە لەتەک ئەو پەیڤە زیندوانەی سەرەوە ، بەرهەمی تاقیکاری نیو سەدە ژیانی خۆمە ، کە هەمویانم بە مێشکی ئێسک هەست کردوە و بە چەشنی " پەیڤی زیندو " ، لە ناخی زەینمەوە ، بە کەرەسەی کیبۆرد، هێناومەتە بەر پەنجێرەی مانیتۆر . دەشزانم کە پێشکەش کردنی ئەم دیاریە رەبەنە ، لە خزمەت خوێنەرانی بیرمەند و لیزان دا ، وەک ئەوە وایە، کە مازوچنێکی لێرەوار ، چەند دانە مازو بە دیاری بەرێ بۆ چیای سەرسەوز و سەربەرزی زاگرۆس ، یا ترێ رەشي بە دیاری بەری بۆ ئالانی سەردەشت یا بەرو بۆ دەڤەری ئیلام :

- رووگەی نێوچاوانی هەر کەس ، ئاوێنەی دڵیەتی .
- سەرکەوتن گرانە ، دەنا هاتنە خوارەوە زۆر ئاسانە .
- کاتی ئاخەفتن ، دەبێ شتێک بڵێین کە خۆمان بڕوامان پێی ببێ ، دەنا کەس بڕوای پێ ناکا .
- کەلەوای چکۆلەی مەزبووتی پیرێژنێک ، لە ولاتی بەرینی شپرزەی پادشایەک بەنرخترە .
- تەواوی ئالوگۆڕەکان وەک میوە وان ، بۆ گەیشتنیان پێویست بە کاتە .
- درۆ لە تیغەڵەی کول دەچێ ، بڕشتی هەر نیە .
- ئارام بوونی دەروون ، خۆشترین تامی ژیانە .
- نزیکترین و ئاسانترین رێگە بۆ گەیشتن بە کۆشکی سەرکەوتنی واتایی، رچەی رێک و راستەوخۆیە .

- مرۆڤ پێنج هەستی هەیە ، وەک رادیۆیەک وایە ، تەنیا پێنج شەپۆلی وەرگری ببێ ، کە زۆر لە ئێزگە کانی دیکەی سروشت ناگرێ .
- کاتێک تۆفان دێ ، دار و گیا زلە کان دەشکێنێ ، کە بەری تۆفان دەگرن ، نەک گیا و بنچکە چکۆلەکان، کە سەریان دادەنەوێنن .
- ناو گرنگی بە مرۆڤ نادا ، کردەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە درێژایی تەمەنیدا، گرنگی بە ناو دەدا،بۆ وێنە { ئەینشتاین } ، واتە {یەک بەرد}.
- هەرچی بتوانێ بەبیری مرۆڤدا بێ ، دەتوتانرێ بە دەستی مرۆڤیش دروست بکرێ ، بەڵام دەبێ رێگەی دروستکردنەکەی بدۆزینەوە .



- کاتی ژیانی ژینەوەرەکان ، بە پێی ئەندازەی لەشیان ، تۆفیر دەکا ، بۆ وێنـە ، فیلێـک و میکرۆبێک ، خولەکێک ، وەک یەک هەست ناکەن .
- زۆر مەبەست وەک قۆشە ، چەند روویان هەیە.
- هێمن ترین و بە بڕشت ترین چەکی مرۆڤ ، پێنووسە .
- قسە کردن وەک خەرج کردنە ، گوێ شلکردن وەک وەدەست هێنان .
- قانوونی گورگ ، بۆ بەرخ ، وەک ژاری مارە .
- مرۆڤ بۆ نۆکەری یا ئاغایەتی نەخولقاوە ، بۆ یەکسانی خولقاوە .
- سەربەستی راستەقینە ، بێ سەربەستی ئابووری ، خەو و خەیاڵە .
- تەواوی مرۆڤ بنادیەمن ، واتە خزمی زۆر نزیکن .
- هونەر لە چاڵ خستنی خەڵک نیە ، لە چاڵ دەرهینانیانە .
- شەو ، رۆژی رامانی بیرمەندانە .
- رۆژی روون بۆ کوندەبو و شەمشەمە کوێرە ، شەوە زەنگە .
- ئاشتی وەک گوڵ وایە ، شەڕ وەک دڕو .
- زەمان و مەکان فەکتۆری سەرەکی ژیانن و ئەوانیش منداڵی هەتاون ، کە خودای سەر زەویە . لەبەر ئەمەیە ، کورد خۆر و گوڵە بەرۆژەی زۆر خۆش دەوێ .



## هۆنراوە چیە ؟

هۆنراوە ، لە زمانی کوردی دا ، بە لای کەمەوە دو وشەی هاومانای هەیە ، وەک "هەڵبەست "و" هۆزان " . بەڵام هێشتا هێندێک کەس ، زۆر جار وشەی عارەبی

" شێعر " بە کار دەهێنن ، کە لە بیرۆکەی " شعوور" ە وە دێ و بەم پێیە "شاعیر" بە مانای مرۆڤێکی بیرمەند ، لێ زان و زانیارە .

هۆنراوە ، لە فەرهەنگی هەمو نەتەوەیەک دا هەیە و بە کورتی بریەتیە لە فرمێسکی بیری راستەقینەی هۆنەر ، کە دەتوانرێ لە بارودۆخێکی تایبەت دا ، بە هۆی وشەگەلی شازو شیاو ، لە هەر چوار چێوەییەکی تایبەت دا ، دەرببڕرێ .

هەمو کەس ناتوانێ هۆنراوە بڵێ یا بنووسێ. تەنیا کەسانیك دەتوانن هۆنراوە بخولقێنن ، بێجگە لە مۆتۆڕی فیزیکی لەشیان کە دڵە ، مۆتۆڕێکی رۆحیشیان ببێ . هەر خودی ئەو کەسانەش کە هۆنەرن و ئەو مۆتۆرەشیان هەیە ، ناتوانن لە هەر کاتێک دا بیانەوێ ، هۆنراوە بخولقێنن ، کاتێک دەتوانن ئەم کارەبکەن ، کە رووداو ، دیمەن ، دەنگ یا شتێکی وا ، مۆتۆڕی رۆحیانی هەڵ کردبێ . دەنا ئەگەر هۆنەر ، لە کاتی ئاسایی دا ، بیەوێ بە بێ هەڵ بوونی مۆتۆڕە رۆحیەکە ، شتێ بە ناوی هۆنراوە بخولقێنێ ، وەک ئەوە وایە، کەسێک گریانی نیەیە و بە هۆی تیژایی ئاوی پیاز ، فرمێسک لە چاوی خۆی بهێنێ . بە کورتی ، هۆنراوە دەبێ خۆی بێ ، نەک بیهێنی . رەنگە باشترین کاتێش بۆ هەڵ بوونی ئەو مۆتۆڕە رۆحیە ، کاتی کش و ماتی یا خامۆشی و بێ دەنگی بێ . هۆنراوەی راستەقینە و هەر ماو، قەت بە درۆ نا کوترێ ، هۆنراوی درۆ زۆر لە پیش هۆنەرەکەی دا ، لە بیر دەچێتەوە و دەمرێ .

.

بە بۆچوونی من ، هۆنراوەی شاز و زۆرچاک دەبێ بە لای کەمەوە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێ:

1- زوربەی ئەو خەڵکەی،کە خاوەنی زمانی هۆنراوەکەن،بە باشی لێی حاڵی بن .
2- پەیامی گرنگ و بەکەڵکی تێدا بێ .
3- تا بکرێ ساکار بێ ، و وشەی بیانی ونامۆی تێ نەخرێ .
4 یاسای ئەو چوار چێوە وێژەییە لە بەر چاو گیررابێ ، کە تێی دا خولقاوە.
5- لاسایی کردنەوەی هۆنەرانی هاو زمانی هۆنەر نەبێ .
6- ئەگەر وەرگێرراوی زمانی بیانیە ، ناوی هۆنەرەکەی بناسێندرێ .
7- زۆر شت لەوانەی تیدا بێ ، کە خەڵکەکە لە دڵیان دایە ، بەڵام یا نازانن بیڵێن ،



یا ناتوانن یا هەر دووکیان و هتد .
8- خۆ سانسۆری تێدا نەبێ .
9- بۆ هەمو کاتێک نووسرابێ و هەرماو ( جاویدان) بێ ، وەک هۆنراوەکانی ماموەستایان ئەحمەدی خانی ، حاجی قادری کۆیی ، ناڵی ، قانع ، گۆران ، سوارە ، هێمن و هتد .
10- بۆ زۆرایەتی گەلەکە وترابێ ، نەک بۆ دەستە و تاقمێکی کەم .
11- بە کەمترین وشە ، زیاترین مانا رابگەیێنێ .
12- باش لەبەر بکرێ .
13- باش وایە بتوانرێ بکرێ بە گۆرانی.
14- رێنوێن و پاڵپێوەنەر بێ بۆ رێگەی ژیانێکی باشتر .

تێبینی : ئەوانەش کە هۆنراوە دەخوێنەوە یا دەبیستن ، ئەگەر خاوەنی مۆتۆڕی رۆحی نەبن ، یا هەر تامی نیە بۆیان ، یە ئەگەر تامیشی ببێ ، زۆر کەم شوێن لەسەر رۆحیان دادەنێ، بەڵام ئەگەر مۆتۆڕی رۆحیان ببێ ، بە هەست کردنی هۆنراوەکە ، ئەو مۆتۆڕە هەڵ دەبێ و لە ناخی دڵەوە کەڵکی لێ وەردەگرن .



# کاری هونەری شاز فەوتانی ئەستەمە

لە خولقاندنی شوێنەوارە جۆربەجۆرەکانی هونەری دا ، وەک هۆنراوە، پەخشان، نووسراوە ، کتێب ، شێوەکاری ، پەیکەرسازی و هتد ، هەمیشە چۆنایەتی بەرهەم گرنگە ، نەک زۆرایەتی . بۆ وێنە ، هۆنەرێک دەتوانێ بە نووسینی تاقە هۆنراوەیەکی شاز ، خاوەن هەست و پەیامی باش ، ناوی لە پەڕتووکی مێژوی ئەدەبی دا ، بە چەشنی نەمر و هەرماو ، بۆ هەتاهەتایە تۆمار بکا ، بەڵام ئەگەر

پڕ چەند کتێب هۆنراوەی دەرەجە سێ و چوار و سواو بنووسین ، نە لە تەرازوی وێژەیی دا سەنگێکی ئەوتۆی دەبێ ، نە لە دڵی خەڵک دا جێگە دەکاتەوە و نە کەڵکێکی وای هەیە . رەنگە ئەو چەشنە هۆنراوانە ، لە پێش هۆنەرەکانیان داکۆچی دوایی بکەن و بە جارێ لەبیر بچنەوە .

بەڵام هۆنراوە و بە گشتی کاری هونەری سەرکەوتو و شاز و باش ، وەک زێڕ وان ، قەت لە ژێر شێ ، لەنگێزە و کەشوهەوای چەرخانی تەگەری مێژودا ، ژەنگ ناهێنن و ناڕزێن .

بۆ وێنە ، مەگەر هۆنراوەکانی ماموەستا نالی ، لە کاتی خودی خۆیدا چاپ بوە ؟ یا تەنانەت هۆنراوەکانی ماموەستا هێمن خۆی پارەی داوە و چاپی کردوە ؟. ئەم چەشنە هۆنراوانە ، وەک شمشی زێڕ وان ، هەر نووسران و کەوتنە دەستی کۆمەڵگە ، خەڵک کۆیان دەکەنەوە ، رێک و پێکیان دەکەن و لەوانەیە بڵێم ، بە پیتی زێڕ لە چاپیان دەدەن .

کاکڵ : بەم ئاکامە دەگەین : کە گرنگ ئەوە نیە ، کۆڵێک هۆنراوەی رەمەکی و ناشاز بنووسین ، چاپیان بکەین و بیبڕین بە سەر خوێنەر دا ، گرنگ ئەوەیە - با بە بارستایی و ئەژماردە زۆریش نەبێ - ، ئەگەر لە دەستمان دێ و ئەو مرخەمان هەیە ، هۆنراوە و شتی وێژەیی باش ، پڕ پەیام، سوودمەند و لەبەردڵان بنووسین ، کە ئەگەر خۆشمان لە چاپی نەدەین ، بەو مەرجەی بگاتە دەستی کۆمەڵ ، خەڵک لە چاپیان دەدەن و بڵاویان دەکەنەوە . بە کورتی : خوێنەر چاوەڕوانی ئەوە نیە کە هۆنەر زۆر هۆنراوە هەڵبەستێ ، بەڵکە چاوەڕوانی ئەوەیە ، کە با کەمیش بێ ، هۆنراوەی باش ، شاز و پڕ پەیامی سوودمەند بنووسێ ، جا لە هەر چوار چێوەیەکی وێژەیی دا بێ . بۆ هۆنراوە چۆنایەتی گرنگە ، نەک زۆرایەتی تەنیا. یا چوارچێوە .



نامەی خوێندكارێكی زانستگەكانی تاران ( ئەمە یەكێكە لە سەدان نامەی هاو چەشن، كە وەک وێنەیەک لێرەدا ، بڵاو كراوە ) .

## پێشكەش بە مامۆستا ح . س . سۆران

ژانی گەلم گەلێ جار فرمێسكی لە چاوان دا قەتیس داوم ؛پەژارەی دڵ هێندە زۆرن پێم وا نیە بتوانم پێوانەی بكەم ؛خەمی دڵم دەربەستی تەمەنی كورتی من نین، ئەم خەمانە لەمێژینەن و بە درێژەی مێژو تەمەنیانە ؛ لەگەڵ چارەنووسی گەلم باڵایان كردوەو لە نێو ماڵی دڵی هەر كوردێكی بە راستی دا هۆدەیەكی پان و بەرینیان بۆ خۆیان تەرخان كردوە.
ئەمە باسی دڵی من و تۆیە ،باسی دڵی ئاو و خۆڵ و شاخ ودۆڵ و دار و دەوەنی وڵاتەكەی من و تۆیە ؛بەڵام هێندێ كەس هەن خەم رەوێنن ، سوكنایی دڵ دەدەنەوە و كوڵ و كۆی دا دەمركێنن ، وێنەی ئاڵای ئەم گەلەن و پەژارەی دڵ دەڕەوێنن ، ژیانیان وەكو مۆمێک لە سەر رێگای لێڵ و پڕ سەخڵەتی دوا رۆژمان دادەگیرسێنن و پێمان دەلێن ؛ ناهومێدی ژاراوێكی خەست و خۆڵە ، نەكەن بچن بیخۆنەوە ، نەكەن بچن لەو بارەوە شێعر و سرووود بهۆننەوە؛پێمان دەڵێن؛ هەوڵ بدەن ، تێ بكۆشن ، رێگا ببڕن هەدا مەدەن دڵنیا بن ئاسۆ روونە .



پێمان دەڵێن ؛ لە ئاسمانی بەختی دوا رۆژی ئەم ولاتەدا ، لە جێگای تاوێک هەزاران هەتاو رۆشن کراوە - بۆ ئاوەدانی ئەم کوردستانە ، لە جێی خودایەک هەزاران خودا تێ کوشاون، پێمان دەڵێن هەر هەنگاوێ، هەتاوێکە ، هەر شەهیدێ خودایێکە .

ئە . ن "shirko59@yahoo.com



**پێرست** **لاپەڕە**


| | |
|---|---|
| رووبەرگ | 1 |
| ناو و ناونیشانی هۆنەر | 2 |
| ناسنامەی کتێب | 3 |
| دوروشمی خوشەویستی نیشتمان | 4 |
| بایەخی زانست | 5 |
| پێشەکی | 6 |
| ئاگاداری | 8 |
| غەزەل | 9 |
| پەیڤی زیندو | 9 |
| بووکی ئازادی | 10 |
| پەیڤی زیندو | 11 |
| سەمفۆنی هەتاو | 11 |
| پەیڤی زیندو | 13 |
| گرانجانی | 14 |
| پەیڤی زیندو | 17 |
| هۆنراوەی مێلۆدیک | 17 |
| پەیڤی زیندو | 18 |
| کۆڕی کوردانی تاران | 18 |
| پەیڤی زیندو | 22 |
| ئاڵای سەر تابووت | 23 |
| بیر وتەگبیر | 25 |
| ریشی ریا | 26 |
| پەیڤی زیندو | 27 |
| قارەمانی مێژو | 28 |
| پەیڤی زیندو | 29 |
| ئاپۆ چکۆلەکان | 30 |
| پەیڤی زیندو | 38 |
| ئاڵای کورد | 39 |
| پەیڤی زیندو | 40 |




شێوەنی وێژەیی ............................................ 41
پەیڤی زیندو ............................................ 45
سەقز ( شاری 11 ئەستێرە) ............................................ 46
پەیڤی زیندو ............................................ 51
دوی رێبەندان ............................................ 52
پەیڤی زیندو ............................................ 52
وەستا حەکە خۆزگەم بە خۆت ............................................ 53
پەیڤی زیندو ............................................ 54
ئاڵای رزگاری ............................................ 55
پەیڤی زیندو ............................................ 56
هەواڵی قەڵب ............................................ 56
پەیڤی زیندو ............................................ 56
دەردەکورد ............................................ 57
پەیڤی زیندو ............................................ 62
پێشکەش بە کوردە پەڕەوازەکان ............................................ 62
پەیڤی زیندو ............................................ 64
English Poem ............................................ 65
پەیڤی زیندو ............................................ 66
هیرۆینی و تریاکی ............................................ 66
پەیڤی زیندو ............................................ 70
پێنجاندنی هۆنراوەی ماموەتا قانع ............................................ 71
پەیڤی زیندو ............................................ 74
بەرەو نەورۆز ............................................ 74
پەیڤی زیندو ............................................ 77
ژین ............................................ 77
پەیڤی زیندو ............................................ 78
کەوا نان بخۆ ............................................ 78
پەیڤی زیندو ............................................ 80
بۆ ژینۆ ............................................ 80
پەیڤی زیندو ............................................ 81
پاشماوەی پەیڤی زیندو ............................................ 82




| | | |
|---|---|---|
| هۆنراوه چیه ؟ | ............................................ | **84** |
| **کاری شازی هونەری فەوتانی ئەستەمە** | ............................................ | **86** |
| نامەی خوێندکارێ بۆح.س.سۆران | ............................................ | **87** |
| پێڕست | ............................................ | **89** |
| روونکردنەوەی گرنگ | ............................................ | **92** |
| دوایی | ............................................ | **92** |



## روون کردنەوەی گرنگ :

زۆر پێویستە ئەمە روون بکەمەوە، کە لە روانگەی منەوە ، مروڤی جیهان پاکی هاوبەش و یەکسانن و قەت نابێ پێمان وابێ کورد لە هەمو کەس شازتر، سەرتر و باشترە . لە گشت جێگەیەکی جیهان باشیش هەیە و ناباشیش، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکە ،خاوەنی مافی یەکسانە ، کە ئێستا بە داخەوە تا رادەیەکی بەرچاو ، لەو مافە بێبەشە . کوردیش هەر ئەوەی دەوێ کە گەلانی دیکە دەیانەوێ . بەڵام لە کانی دڵەوە ، خوازەری ئاشتی ، یەکسانی و دۆستی لەگەڵ تەواوی نەتەوەگەلی جیهانە و رێز بۆ ماف ،زمان و فەرهەنگی هەموویان دادەنێ ، بە تایبەت بۆ هاوسێ بەرێزەکانی و بە شانازیەوە ، ئەمەشی بە کردەوە سەلماندوە . بە کورتی ، کورد نیشتمان پەروەر و دژ بە بیرۆکەی شێڤێنیزمە .

دوایی

# شەماڵی وادە



ح.س.سۆران